چاودێرێکی سیاسی: یەک لیستی بۆ کورد لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گرنگە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5839) سێ شەممە 1ی تشرینی الاول2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

حزبەکانی کوردستان ڕێککەوتن کە بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکەن. عارف قوربانی، چاودێری سیاسی، رایگەیاندووە: بڕیاری یەک لیستیی حزبەکان پێش ئەوەی بگەینە هەڵبژاردن باشییەکەی ئەوەیە حزبەکانی کورد هاوهەڵوێست دەبن لەسەر پرس و کێشەکانی ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، پێشتر حزبەکان هاوهەڵوێست نەبوون لە بەرانبەر کێشەی ئەو ناوچانەدا و بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان لیستە بچووکەکان زیانمەند دەبوون و کاتێک کورد بە یەک لیست بەشداری دەکات، دەنگی بەهەدەر ناچێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

شاندێکی بازرگانی ئەنجوومەنی بزنسی ئەمەریکی - کوردی سەردانی هەرێم دەکات

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ئەمەریکا رایدەگەیەنێت، سەرەڕای بڕچوونی جیاواز لەبارەی ریفراندۆم، ئەمەریکا بە ئیجابی دەڕوانێتە دۆستایەتی کوردستان. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە



نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان جەختی لە گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ کارکردن لەپێناو دابینکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراق کردەوە و ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستانی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی عێراق بە گرنگ لەقەڵەمدا.

جێگری سەرۆکی پارتی، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاسپارد کە لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەی پەرلەمانی کوردستان گرنگی بەو یاسایانە بدەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بارودۆخ و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن.

لە کۆبوونەوەکەدا ئێوارەی دوێنێ دووشەممە /30 9/2019 لە هەولێر، بەڕێزان ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕا و بۆچوون و سەرنج و تێبینی و چەند داواکارییەکی پەیوەست بە دۆخ و گوزەرانی هاوڵاتییانەوە، خستەڕوو.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سێزدەمین پیشانگای نێودەوڵەتی بۆ بازرگانی گشتی لە هەولێر کردەوە

مەسرور بارزانی: ئاسانکاری بۆ کاری بازرگانی و وەبەرهێنان دەکەین

لەژێر چاودێری و بەئامادەبوونی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ دووشەممە 30ی ئەیلوولی 2019 سێزدەمین پیشانگای نێودەوڵەتی بۆ بازرگانی گشتی کرایەوە، بەر لە کردنەوەی پیشانگاکەش سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گوتەیەکدا رایگەیاند، خۆشحاڵم بە کردنەوەی پیشانگایەک، کە 300 کۆمپانیا لە 24 وڵاتی جیاواز لە ئەمەریکا، ئەفریقیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا بەشداریان تێداکردووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پارتی کاندیدانی خۆی بۆ بریکاری وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دیاری دەکا

بەپێی زانیارییەکان ، هەفتەی داهاتوو، پارتی پشکەکانی خۆی لە کابینەی نۆیەم دیاری دەکات و ناوی کاندیدەکان پێشکەش بە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ پۆستەکانی بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

دیاری حوسێن: هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ ڕاگرتنی بەعەرەبکردنی شارەکە نەنراوە

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکووک ئیدارەی شارەکە ئاسانکاری تەواوی بۆ ئەو عەرەبانە کردووە کە لە شارەکانی دیکەوە دەهێندرێنە نێو شارەکە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

خەسرەو گۆران: هەر لایەنێکی کوردستانی دەتوانێت لە هاوپەیمانێتی کوردستانی بەشدار بێت

سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی ڕایدەگەیەنێت، ئەو کەسەی بۆ سەرۆکی لیستی هاوپەیمانێتییەکە دیاری دەکرێت، دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەری کۆک بن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕێبوار تاڵەبانی: گەڕێکی دیکەی دانوستانی لایەنە سیاسییەکان دەستپێدەکاتەوە

لەسەر ئاستی حکوومەت و لایەنە سیاسییەکان هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئاسایییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش دەڵێت، گەڕێکی دیکەی دانوستان لەنێوان لایەنە کوردییەکان و عەرەب و تورکمانی کەرکووک دەستپێدەکاتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



یەک نەخۆشخانەی منداڵان لە شاری هەولێر هەیە!

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری بۆ منداڵان، دکتۆر عەبدولسەبور ئەحمەد دەڵێت: پێشنیازی دروستکردنی دوو نەخۆشخانەی دیکەی منداڵان دەکەین، چونکە بەپێی ڕێژەی دانیشتووان یەک نەخۆشخانە کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری نەخۆشی منداڵ زۆر هەستیارە و دەبێت ئاگادارین. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

حەیدەر شەشۆ:

لە بەرژەوەندی میللەتی کورد پەیوەندی بە هاوپەیمانی کوردستانییەوە بکەین

حەیدەر شەشۆ بەرپرسی هێزی ئێزیدخان لە وتوێژێکدا باس لەوە دەکات لەگەڵ لایەنە کوردییەکان لە هەولێر لە گفتوگۆدان تا بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە سنووری پارێزگای موسڵ بکەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پەرلەمانتارێکی گۆڕان:

هەنگاوەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دڵخۆشکەرن

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، هەنگاوەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دڵخۆشکەرن لە کاروباری حکوومەتدا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پەرلەمانتارێک: هەرێمی کوردستان لە ڕادەستکردنی نەوتدا داوای گەرەنتی دەکات



ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئیخلاس دلێمی گوتی، پرۆژەیاسای بودجە ئامادە کراوە و گفتوگۆ لەسەر پشکی هەرێم دەکرێت، کە لە مانگی داهاتوودا ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت و ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت، بەڵام هەرێم بۆ ڕادەستکردنی نەوت داوا دەکات گەرەنتی هەبێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی یۆنان کرد

جەخت لە بڕەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و یۆنان کرایەوە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکان و کەشی ئەرێنیی نێوان هەولێر و بەغدای بە زەمینە و دەرفەتێکی باش بۆ وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق لە قەڵەم دا و ئامادەیی هەرێمی کوردستانیشی بۆ پێشکەشکردنی هەموو ئاسانکارییەک بۆ وەبەرهێنەران و سەرمایەگوزاریی کەرتی تایبەتی یۆنانی لە هەرێمی کورستان نیشان دا، هەروەها ڕۆڵی کەرتی تایبەتی بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکان بە گرنگ زانی.

سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەممە 2019/9/30 لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز یۆنیدۆس کۆنتۆڤۆنیسۆس باڵیۆزی یۆنان لە عێراق، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بڕەودان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یۆنان کردەوە و سوپاسی کونسوڵخانەی گشتیی یۆنانی لە هەولێر کرد کە ڕۆڵێکی دیاری لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکاندا هەیە. لای خۆیەوە بەڕێز باڵیۆزی یۆنانیش هەمان خواستی ولاتەکەی دووپاتکردەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا سەردانی چاوەڕوانکراوی وەزیری دەرەوەی یۆنانی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بە یاوەریی شاندێکی ئابووری و بازرگانی، گرنگیی بوونی گەشتیی ڕاستەوخۆی ئاسمانی لەنێوان هەولێر و ئاتینا، پەیوەندی و گفتوگۆکانی هەولێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دۆخی عێراق و ناوچەکەیان بەگشتی تاوتوێ کرد.

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشیی لە خانەوادەی شێخ نورەدین شێخ مەهدی سورچی دەکات

سەرۆک بارزانی بروسکەیەکی سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو (شێخ نورەدین شێخ مەهدی سورچی) پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گوڵان و کەسایەتی دیاری عەشیرەتی سورچی دەکات، ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گوڵان و کەسایەتی دیاری عەشیرەتی سورچی(شێخ نورەدین شێخ مەهدی سورچی)م پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکار و خزمانی(سورچی) دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

مسعود بارزانی

30ی 9ی 2019

خەسرەو گۆران بۆ «خەبات»:

هەر لایەنێکی کوردستانی دەتوانێت لە هاوپەیمانێتی کوردستانی بەشدار بێت

سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی ڕایدەگەیەنێت، ئەو کەسەی بۆ سەرۆکی لیستی هاوپەیمانێتییەکە دیاری دەکرێت، دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەری کۆک بن.

وا بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 2019/10/1 هەموو لایەنە کوردستانییەکان بە پارتیشەوە، لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان لە سلێمانی کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکە بدەن.

لەمبارەوە د. خەسرەو گۆران، نوێنەری شاندنی پارتی و سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: ئێمە 2019/10/1 لە گردی زەرگەتە لە سلێمانی کۆدەبینەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە بابەتەکە بهێنین، هەروەها سیاسییەکان لەسەری کۆک بن.

هەموو لایەنە کوردستانییەکان بە پارتیشەوە، لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان لە سلێمانی کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکە بدەن.

لەمبارەوە د. خەسرەو گۆران، نوێنەری شاندنی پارتی و سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: ئێمە 2019/10/1 لە گردی زەرگەتە لە سلێمانی کۆدەبینەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە بابەتەکە بهێنین، هەروەها سیاسییەکان لەسەری کۆک بن.

وا بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 2019/10/1 هەموو لایەنە کوردستانییەکان بە پارتیشەوە، لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان لە سلێمانی کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکە بدەن.

لەمبارەوە د. خەسرەو گۆران، نوێنەری شاندنی پارتی و سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: ئێمە 2019/10/1 لە گردی زەرگەتە لە سلێمانی کۆدەبینەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە بابەتەکە بهێنین، هەروەها سیاسییەکان لەسەری کۆک بن.

وا بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 2019/10/1 هەموو لایەنە کوردستانییەکان بە پارتیشەوە، لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان لە سلێمانی کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکە بدەن.

لەمبارەوە د. خەسرەو گۆران، نوێنەری شاندنی پارتی و سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: ئێمە 2019/10/1 لە گردی زەرگەتە لە سلێمانی کۆدەبینەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە بابەتەکە بهێنین، هەروەها سیاسییەکان لەسەری کۆک بن.

وا بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 2019/10/1 هەموو لایەنە کوردستانییەکان بە پارتیشەوە، لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان لە سلێمانی کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکە بدەن.

لەمبارەوە د. خەسرەو گۆران، نوێنەری شاندنی پارتی و سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی

دەکرێت، دەبێ هەموو لایەنەکان لەسەری کۆک بن، جگە لەوەش هەموو شتێک قابیلی گۆڕانە تا ڕێککەوتن دەکەین. ڕوونیشی کردەوە: تا بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی دەرفەت بۆ تۆمارکردنی هاوپەیمانێتی تەواو دەبێت، هەر لایەنێکی کوردستانی بیەوێت، ئەوا دەتوانێت لە هاوپەیمانێتییەکەدا بەشدار بێت.

جێی باسە ڕۆژی شەممە 14 لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان، لەسەر بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە سێ پارێزگای "نەینەوا، کەرکووک و دیالە" پێکەوە دانیشتنیان هەبوو.

پارتی بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: ئێمە 2019/10/1 لە گردی زەرگەتە لە سلێمانی کۆدەبینەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە بابەتەکە بهێنین، هەروەها سیاسییەکان لەسەری کۆک بن.

وا بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 2019/10/1 هەموو لایەنە کوردستانییەکان بە پارتیشەوە، لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان لە سلێمانی کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکە بدەن.

لەمبارەوە د. خەسرەو گۆران، نوێنەری شاندنی پارتی و سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی

دەکرێت، دەبێ هەموو لایەنەکان لەسەری کۆک بن، جگە لەوەش هەموو شتێک قابیلی گۆڕانە تا ڕێککەوتن دەکەین. ڕوونیشی کردەوە: تا بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی دەرفەت بۆ تۆمارکردنی هاوپەیمانێتی تەواو دەبێت، هەر لایەنێکی کوردستانی بیەوێت، ئەوا دەتوانێت لە هاوپەیمانێتییەکەدا بەشدار بێت.

جێی باسە ڕۆژی شەممە 14 لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان، لەسەر بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە سێ پارێزگای "نەینەوا، کەرکووک و دیالە" پێکەوە دانیشتنیان هەبوو.

پارێزگاکانی عێراق لە 2020/4/1 بەڕێوەبچێت، بەڵام لایەنە کوردستانییەکان لەبارەی چەند بڕگەیەکی یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ناڕەزایی دەربڕیوە و تانەیان لێ داوە و خوازیاری گۆڕینی ئەو بڕگانەن و هاوکات خوازیاری ئاسایی‌کردنەوەی دۆخی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانن پێش ئەوەی

حکوومەتی هەرێم 20 پڕۆژەیاسای ئامادەکردووە

بڕیاردەری لیژنەی دارایی: حکوومەت دەیەوێت چاکسازی لە هەموو سێکتەرەکاندا بکات

بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان 20 پڕۆژەیاسای ئامادەکردووە بۆ ئەوەی ڕەوانەی پەرلەمانیان بکات.

یەکێک لەو پڕۆژەیاسایانەش پڕۆژەیاسای چاکسازییە و هەرکاتێک ڕەوانەی پەرلەمان کران، دەست بە گفتوگۆ لەسەریان دەکەین، بۆ ئەوەی پەسەند بکرێن. محەمەد ئیلخانی گوتیشی: هۆکاری دواکەوتنی پڕۆژەیاساسای چاکسازی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە حکوومەت دەیەوێت چاکسازی لە هەموو سێکتەرەکاندا بکات و بیکاتە پڕۆژەیاسا و ڕەوانەی پەرلەمانی بکات، لەوانە هێزی حکوومەتی هەرێمی کوردستان 20 پڕۆژەیاسای لە هەموو بوارەکاندا ئامادە کردووە بۆ ئەوەی ڕەوانەی پەرلەمانیان بکات.

یەکێک لەو پڕۆژەیاسایانەش پڕۆژەیاسای چاکسازییە و هەرکاتێک ڕەوانەی پەرلەمان کران، دەست بە گفتوگۆ لەسەریان دەکەین، بۆ ئەوەی پەسەند بکرێن. محەمەد ئیلخانی گوتیشی: هۆکاری دواکەوتنی پڕۆژەیاسای چاکسازی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە حکوومەت دەیەوێت چاکسازی لە هەموو سێکتەرەکاندا بکات و بیکاتە پڕۆژەیاسا و ڕەوانەی پەرلەمانی بکات، لەوانە هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و خانەنشینیی مەدەنی و سەربازی، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین لیژنە پێکهاتوون و کار بۆ ئەو کەرتانە دەکەن، بۆیە دەیانەوێت بە جۆرێک پڕۆژەیاسای چاکسازی ئامادە بکرێت، کە هیچ کەسێک زیانی بەرنەکەوێت.

ئیلخانی باسی لەوەش کرد: هەرکاتێک پڕۆژەیاساکە ئامادە بوو هەردوو لیژنەی بالای حکوومەت و پەرلەمان لەسەری دادەنیشن و بڕیاری لێ دەدەن و ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ پەسەندکردن، کە بڕیارە لەم وەرزەدا ئەو پڕۆژەیاسایە پەسەند بکرێت.

دانوستان لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکانیش دەکرێ بۆ دروستبوونی لێکتێگەیشتن

ڕێبوار تاڵەبانی: گەڕێکی دیکەی دانوستانی لایەنە سیاسییەکان دەستپێدەکاتەوە



لەسەر ئاستی حکوومەت و لایەنە سیاسییەکان هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئاسایی‌کردنەوەی ڕەوشی کەرکووک، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکیش دەڵێت، گەڕێکی دیکەی دانوستان لەنێوان لایەنە کوردییەکان و عەرەب و تورکمانی کەرکووک دەستپێدەکاتەوە.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، بە ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: دانوستانی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم و کەرکووک بۆ ئاسایی‌کردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەردەوامە و لەو چوارچێوەیەدا دانوستان لەگەڵ بەرەی تورکمانی و بەشێک لەلایەنە عەرەبییەکانی کەرکووک کراوە بۆ ئەوەی پارێزگارێکی نوێ بۆ کەرکووک دیاری بکرێت و داوای پۆستی پارێزگاری کەرکووک دەکەن، بەڵام بەرەی تورکمانی هێشتا جیددییە لەوەی کاندیدیان بۆ پارێزگاری کەرکووک دەبێت و بەشێکی لایەنی عەرەبیش ڕەوشەکە ئاسایی بکرێتەوە، بەڵام بەرەی تورکمانی و بەشێک لەلایەنە عەرەبییەکانی کەرکووک دەکەن، بەڵام دانوستان لەگەڵ هێزەکانی دیکەی عەرەب و تورکمان دەکرێت بۆ ئەوەی زیاتر لێکتێگەیشتن دروست ببێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت: بۆچوونێکی دیکە هەیە لەلایەن بەشێک لە تورکمان و بەشێک لە عەرەبەکانی کەرکووک و دەیانەوێ ڕەوشی کەرکووک بەو شێوەیە بێت تا هەڵبژاردنی ساڵی ئایندەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، ئینجا بابەتی پارێزگار و پۆستەکان یەکلا بکرێتەوە. شایەنی باسە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک دابنرێت و بۆ ئەو مەبەستەش گفتوگۆی لایەنەکان بەردەوامە.

شاندێکی بازرگانی ئەنجوومەنی بزنسی ئەمەریکی - کوردی سەردانی هەرێم دەکات



نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت، سەرەڕای بۆچوونی جیاواز لەبارەی ریفراندۆم، ئەمەریکا بە ئیجابی دەڕوانێتە دۆستایەتی کوردستان. لە لێدوانێکیدا بۆ کوردستان تیڤی، بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ئەمەریکا ڕایگەیاندووە: هەرچەندە دۆستانی ئێمە لە ئەمەریکا دژی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوون، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە سەرجەم دیدارەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکیدا، ئەوان بەڕێزەوە باس لە سەرکردەکانی کورد دەکەن و ڕۆڵی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بەرزدەنرخێنن.

ئاماژەی بەوەش کرد: ئاسایی لە سیاسەتدا لەسەر پرسێکی دیاریکراودا لەگەڵ دۆستەکانتدا بۆچوونی جیاواز هەبێت، بەڵام ئەمە کارناکاتە سەر بەردەوامی نەدان بە دۆستایەتیەکەی نێوانیانیان، ئەمەریکا لە پشتیوانییە مادی و سەربازییەکانیانی بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوامە. ئاشکراشی کرد بڕیارە لە ڕێککەوتی 13 تا 17ی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، شاندێکی بازرگانی ئەنجوومەنی بزنسی ئەمەریکی ، کوردی سەدانی هەرێم بکات کە چەند کۆمپانیای جۆراوجۆری بازرگانی و نەوتی تێدا ئەندامن و بڕیارە لەو سەردانەشدا کۆنفرانسێکیش بەڕێوەببەن.

پەرلەمانتارێکی گۆڕان: هەنگاوەکانی سەرۆکی حکوومەت دڵخۆشکەرن

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، هەنگاوەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دڵخۆشکەرن لە کاروباری حکوومەتدا. ڕزگار محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: بزووتنەوەی گۆڕان نییەتی چاکسازی هەیە، ئێمە پشتیوانی لە حکوومەت دەکەین، بۆ ئەوەی حکوومەتێکی بەهێز هەبێت و ئەو گرفتانەی لە ڕابردوو ڕوویان داوە، چارەسەر بکرێت، ئێمە هاوکارەدەبین و پشتیوانی دەبین.

ڕوونیشی کردەوە کە لە سەرەتای گفتوگۆی پارتی و گۆڕانەوە ئەو لێکتێگەیشتنە لە نێوان هەردوولا هەبووە کە چاکسازی بکرێت و خزمەتی خەڵکی کوردستان بکرێت. پەرلەمانتارەکەی گۆڕان دووپاتی کردەوە: «ئێمە هەنگاوەکان باش دەبینین لەو ڕۆژەی سەرۆکی حکوومەت ڕاسپێردراوە بۆ کابینەی نوێەم، هەنگاوەکانی باش دەبینین، هەنگاوەکان ورد و دڵخۆشکەرن، لەدابەشکردنی پۆستەکانی گۆڕانیش گرفتێکی ئەوتۆ دروست نەکراوە». بە گوتەی ڕزگار محەمەد، ئێستا پۆستی بریکاری وەزارەتەکان یەکلا کراونەتەوە و چاوەڕوان دەکرێت لایەنەکان ناوی کاندیدەکانیان ئاراستەی حکوومەت بکرێت.

دوای پێنج ساڵ لە داخرانی دەروازەیەکی سنووریی سووریا و عێراق کرایەوە

دوای پێنج ساڵ لە داخرانی بە هۆی داگیرکردنی لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە لە 2014 دەروازەی سنووری نێوان سووریا و عێراق لە پارێزگای دێرازۆر کرایەوە.

سەرچاوە خۆجێییەکان ئاماژە بەوە دەدەن دەروازەی سنووری نێوان سووریا و عێراق لە قەزای ئەلبوکەمال سەربە پارێزگای دێرازۆر کرایەوە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی سووریا. داعش لە 2014 دەستی بەسەر ئەو دەروازە سنووریەدا گرتبوو، ڕژێمی بەشار ئەسەد بە پشتیوانی گرووپە تیرۆریستییە بیانییەکان لە تشرینی دووەمی 2017 ئەلبوکەمالی لە داعش پاککردەوە. لە تشرینی دووەمی 2017یشەوە ئەم ناوچەیەی ژێردەستی ڕژێمی ئەسەد بە کردەیی لە لایەن گرووپەکانی سەربە ئێرانەوە بەڕێوە دەبرێت. سەرچاوەکان ئاماژە بەوەش دەدەن بە کردنەوەی دەروازەی سنوورەکە چالاکی ئەو گرووپانە زیاتر دەبێت و تێپەڕینیان بۆ عێراق ئاسانتر دەبێت.





سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سێزدەمین پیشانگای نێودەوڵەتی بۆ بازرگانی گشتی لە هەولێر کردەوە

مەسرور بارزانی: ئاسانکاری بۆ کاری بازرگانی و وەبەرهێنان دەکەین

کار دەکەین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە بنکەیەکی بازرگانی لەناوچەکەدا

ڕایگەیاند، خۆشحاڵم بە کردنەوەی پیشانگایەک، کە 300 کۆمپانیا لە24 وڵاتی جیاواز لە ئەمەریکا، ئەورووپا، ئەفریقیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا بەشداریان تێداکردووە، کاری لەپێشینەی حکوومەت گرنگیدانی زۆرە بە گەشەسەندنی ئابووری هەرێمی کوردستان، ئومێدەوارین ئەو پیشانگایە سەرەتایەک بێت بۆ پەیوەندی نێوان بازرگان، سەرمایەداران و وەبەرهێنان لەناوخۆی هەرێمی کوردستان و دەرەوە، هەروەها کار لە سەر ئەوە دەکەین تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات نەبەستین بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر گرنگیی کەرتەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان کردەوە و گوتی، بۆ ئاسانکاریکردنی کاری وەبەرهێنەران، بازرگان و خاوەن پرۆژەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوەی لەتوانامانداا بێت پێشکەشی دەکەین.

سەرۆکی حکوومەت دووپاتیکردەوە، کار لەسەر کاراکردنەوەی ئەو یاسایانە دەکەین، کە دەبنە هۆکارێک بۆ کارئاسانی بۆ کاری بازرگانان و وەبەرهێنەران، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان. ڕاشیگەیاند، هەموو هەوڵێکی پێتویست بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری دەدەین، هەروەها کار لەسەر ئەوە دەکەین هەرێمی کوردستان ببێتە بنکەیەکی بازرگانی لە ناوچەکەدا.

پارتی کاندیدانی خۆی بۆ بریکاری وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دیاری دەکا

پارتی دیموکراتی کوردستان کاندیدی خۆی بۆ پۆستەکانی بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دیاری دەکات. بەپێی زانیارییەکان ، هەفتەی داهاتوو، پارتی پشکەکانی خۆی لە کابینەی نۆیەم دیاری دەکات و ناوی کاندیدەکان پێشکەش بە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ پۆستەکانی بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان. لەمبارەیەشەوە بڵند ئیسماعیل، بەرپرسی لقی 16ی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: هەر لایەنێکی سیاسی دەزانێت لە بریکاری وەزارەت، بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ڕاوێژکارەکان چی بەرکەوتووە، هاوکات پێیان گوتراوە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کاندیدەکانیان بە گوێرەی ئەو تایبەتمەندییانەی دانراون، بنێرن.

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە پێشبینی دەکرێت تا10 ڕۆژی دیکە، ناوەکان ڕابگەیەندرێت. بەپێی زانیارییەکان و بەپێی ڕێککەوتنی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پارتی لە زیاتر لە 60 پۆستی بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی بەردەکەوێت.

لە سەدا 70ی خەڵکی شنگال تا ئێستاش لە کەمپدان و مافی دەنگدانیان نییە

حەیدەر شەشۆ: لە بەرژەوەندی میللەتی کوردە پەیوەندی بە هاوپەیمانی کوردستانییەوە بکەین



حەیدەر شەشۆ سکرتێری پارتی ئێزیدی دیموکرات و هەروەها بەرپرسی هێزی ئێزیدخان لە وتوێژێکدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا باس لەوە دەکات لەگەڵ لایەنە کوردییەکان لە هەولێر لە گفتوگۆدان تا بە یەکلیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە سنووری پارێزگای موسڵ بکەن.

حەیدەر شەشۆ دەڵێت: ئێمە وەک سێ پارتی ئێزیدی بەناوی هاوپەیمانێتی ئێزیدی خۆمان تۆمارکرد لە فەرمانگەی لایەنە سیاسییەکان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە باشترە و لە بەرژەوەندی میللەتی کورد ئەمەیە کە پەیوەندی بکەین بە هاوپەیمانی کوردستانییەوە، هەم وەک کوردی ئێزیدی هەم وەک کوردی موسڵمانیش چونکە قەزیەی ئێمە یەک قەزیەیە وە بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر بە یەکلیست بچینە هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی گەلی کورد و میللەتی ئێزیدی، ئێمە وەک هاوپەیمانی ئێزیدی پەیوەندیمان لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی هەیە و لە گفتوگۆداین هەرکات گەیشتینە ڕێککەوتن ئەوا ئێمە بە یەک لیست دەچینە هەڵبژاردنەوە.

شەشۆ گوتیشی: من ئێستا لە هەولێرم، لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە گفتوگۆدا بووم لەگەڵ لایەنە کوردییەکان سەبارەت بە بەشداریکردنمان بە یەک لیستی هاوبەش لەگەڵ لایەنەکان هەڤاڵانی ئێمە لە دوو لایەنەکەی تر ئاگادارن لەو گفتوگۆیانە تا بگەینە ڕێککەوتن و بە یەکلیست بەشداری بکەین، چونکە دوای بڕیارەکەی کۆمیسیۆن، خەڵکی شنگال کە لە 70ی تا دەنگی هێنا بە دەنگی خۆی بچێتە ئەنجوومەنی پارێزگا، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچەیە لە ئیدارەدانی ئەو ناوچەیە ببێتە نەبێت.

حەیدەر شەشۆ گوتیشی: زیاتر لە 80ی خەڵکی ئێمە لە کەمپەکاندان و بەپێی بڕیاری کۆمیسیۆنیش کە بڕیارێکی خراپ بوو تا نەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان ناتوانن دەنگبدەن، بەڵام کورسییەک کەمتر یا زۆرت دەنگ بهێنین باشترە وەک لەوەی بە تەنها بەشداربین و پێمان باشە بە یەک لیست بەشدار بین.

حەیدەر شەشۆ گوتیشی: پەکەکە لە شنگال وەک میوانیش نین، بەڕاستی ئەگەر میوان بووایە، ڕێزی دەگرت، بەس میوانیش نین، میوانێکی بارگران بۆ خەڵکی شنگال، بۆیە بە هەر شێوەیەک بێت، ئێمە قبوڵی ناکەین شنگال وەک قەندیل و عەفرینی لێبێت، پەکەکە مافی ئەوەی نییە دەست وەربدات یا قسە بکات لەوەی ئێمە لەگەڵ کێ ڕێک دەکەوین و هاوپەیمانی لەگەڵ کێ دەکەین بۆ هەڵبژاردن.

لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی هەیە و لە گفتوگۆداین هەرکات گەیشتینە ڕێککەوتن ئەوا ئێمە بە یەک لیست دەچینە هەڵبژاردنەوە.

شەشۆ گوتیشی: من ئێستا لە هەولێرم، لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە گفتوگۆدا بووم لەگەڵ لایەنە کوردییەکان سەبارەت بە بەشداریکردنمان بە یەک لیستی هاوبەش لەگەڵ لایەنەکان هەڤاڵانی ئێمە لە دوو لایەنەکەی تر ئاگادارن لەو گفتوگۆیانە تا بگەینە ڕێککەوتن و بە یەکلیست بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەین، چونکە دوای بڕیارەکەی کۆمیسیۆن، خەڵکی شنگال کە لە 70ی تا

ڕۆژێک لەمەوبەر هیچ پەیوەندییەکیان بە ئێمەوە نەکردووە وەک حزبە کوردستانییەکان و حزبە ئێزیدییەکان لەکاتێکدا پەیوەندی بە هەموو لایەنە کوردستانییەکانەوە کراوە. ڕاشیگەیاندووە: ئێمە نە داوای سەرۆکایەتیی لیست نە هیچ ڕێژەیەکی کورسیمان نەکردووە، چونکە ئێمە هیچ ئیشکالییەتمان لەسەر ئەوە نییە، داخوازی ئێمە ئەوەیە دەنگی کورد پەرت نەبێتێ، ئێمە هیوادارین کورد دەنگی زۆر بهێنێت و بەشدار بین لەو هاوپەیمانێتیەدا، بۆ ڕێژەیەکیش داوای ئەوەمان کردووە کێ



حزبەکانی کوردستان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی لە مانگی 4ی ساڵی دابێت بە یەکلیست بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکەن.

عارف قوربانی، چاودێری سیاسی، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: بڕیاری یەکلیستیی حزبەکان پێش ئەوەی بگەینە هەڵبژاردن باشییەکەی ئەوەیە حزبەکانی کورد هاوهەڵوێست دەبن لەسەر پرس و کێشەکانی ناوچە داپاوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، پێشتر حزبەکان هاوهەڵوێست نەبوون لە بەرانبەر کێشەی ئەو ناوچانەدا و بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان لیستە بچووکەکان زیانمەند دەبوون و کاتێک کورد بە یەکلیست بەشداری دەکات، دەنگی بەهەدەر ناچێت.

عارف قوربانی دەشڵێت: یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بووەتە هۆکاری ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا لە کەرکووک 100 هەزار هاوڵاتیی کورد، ئەوانەی لە دەرەوەی شارەکە دەژین، بێبەش بن لە دەنگدان و دۆسیەی بەعەرەبکردن درێژەی هەیە و دۆسیەیەکی مەترسیدارە، کە بەغدا بەچڕی کاری لەسەر دەکات، بۆیە یەکلیستی دەبێتە هۆی ئەوەی گوشار لە بەغدا بکەن یان بۆ گۆڕانکاری لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا، یان بۆ ڕێگری لە هەڵبژاردن لەم دۆخەی کەرکووکی تێدایە.

عارف قوربانی دەشڵێت: دەبێت حزبەکان بە یەکەوە ڕێگە نەدەن لە کەرکووک هەڵبژاردن بکرێت تا ئەوکاتەی، یەکەم، دۆخی کەرکووک ئاسایی دەکرێتەوە و هێزە سەربازییەکان دەڕۆنە دەرەوەی شار و دۆسیەی ئەمنیی شار دەدرێتەوە بە دەست ئیدارەی شارەکەوە، دووەمیش یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکرێتەوە و دەنگدەری کورد بێبەش نەکرێت لە دەنگدان. زیاتر گوتیشی: لەژێر هەژموونی حەشدی شەعبی و ئیدارەیەکی سەربازیدا کە بە عەقڵییەتێکی فاشیستی و شۆڤێنی کار بۆ پاکتاوی ڕەگەزی دەکات، ناتوانی مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسی لە هەڵبژاردندا بکەیت، چۆن 14 ساڵە عەرەب و تورکمان ڕازی نەبوون پرۆسەی هەڵبژاردن لە کەرکووک بەڕێوەبچێت، ئەوە لەم قۆناغەشدا کورد تەئکید بکاتەوە تا هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان و ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک هەڵبژاردن لەو پارێزگایە نەکرێت، کورد هاوەدەنگ بێت دەتوانێت ڕێگە لە هەڵبژاردن بگرێت.

بۆچوونەکانی ئەو چاودێرە سیاسییە لەکاتێکدان حزبە کوردستانییەکان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بە یەکلیست بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکەن، لەو ناوچانەی پێیاندەگوترێت ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کورد فۆکەسی زۆری لەسەر کەرکووک کردووە.



بە بەشداری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یادی 70ساڵەی دامەزراندنی کۆماری چین کرایەوە


بە بەشداری بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێورەسمی یادی 70ساڵەی دامەزراندنی کۆماری چین لە هەولێر کرایەوە و ڕێورەسمەکە چەند بڕگەیەکی لەخۆگرتبوو.

دوێنێ بە بەشداری بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و وەزیرەکان و ژمارەیەک پەرلەمانتار و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی چەند حزبێک و کونسوڵی چەند وڵاتێک، کونسوڵخانەی کۆماری چین لە هەرێمی کوردستان، ڕێورەسمێکی بۆ یادی 70ساڵەی دامەزراندنی دامەزراندنی وڵاتەکەیان لە شاری هەولێر ڕێکخست. دواتر کوسوڵی چین لە هەرێمی کوردستان وتارێکی خوێندەوە تیایدا باسی پەیوەندییەکانی کۆماری چین و عێراق و هەرێمی کردستانی کرد.

عارف قوربانی:

یەکلیستی بۆ کورد لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گرنگە

لەژێر هەژموونی حەشد و ئیدارەیەکی سەربازیدا ناتوانیت مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسی لە هەڵبژاردندا بکەیت



وەزیری ناوخۆ پێشوازی لە باڵیۆزی سویسرا لە عێراق دەکات

لە میانەی پێشوازیکردنی لە بەرێز (لوکاس گاسێر) باڵیۆزی سویسرا لە عێراق، وەزیری ناوخۆ تەئکیدی لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوولا و هەماهەنگی زیاتر لە بواری مرۆیی و ئەمنی کردەوە. لە بەرامبەریشدا باڵیۆزی سویسرا لە عێراق خۆشحاڵی خۆی بەم دیدارە نیشان دا و پیرۆزبایی ئەم ئەرکە نوێیەی لە بەرێز وەزیری ناوخۆ کرد و خوازیاربوو هەماهەنگی و پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوولا بەردەوام بن و زیاتریش پەرەیان پێببرێ. هەر لە کۆبوونەوەکەدا ڕەوشی ئەمنی و سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان لەسەر کرا و ، بەرێز وەزیری ناوخۆ سوپاسی حکوومەت و گەلی سویسرای کرد کە بە بەردوامی پاڵپشت و هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوون چ لە شەڕی تیرۆریستانی داعش هەروەها لە قۆناغی ئاوادانکردنەوەی هەرێمی کوردستان، هیوای خواست ئەم هەماهەنگی و هاوکارییە بۆ سەرجەم بوارەکان پەرەبستێنێت و ئامادەیی وەزارەتی ناوخۆشی نیشان دا بۆ پێشکەشکردنی هەموو ئاسانکارییەک لەم ڕووەوە.

تەعریب لە کەرکووک بەردەوامە

دیاری حوسێن بۆ خەبات: هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ ڕاگرتنی بەعەرەبکردنی شارەکە نەنراوە



بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکووک ئیدارەی شارەکە ئاسانکاری تەواوی بۆ ئەو عەرەبانە کردووە کە لە شارەکانی دیکەوە دەهێندرێنە نێو شارەکە. دیاری حوسێن جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک گەرمیانی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر خێزانی عەرەب لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقەوە هاوردەی کەرکووک دەکرێن و لەسنووری ئەو پارێزگایە زۆرینە کوردە نیشتەجێ دەکرێن و ئاسانکاری تەواویشیان لەلایەن دەستەڵاتی ئیداری و ئەمنی ئەو شارەوە بۆدەکرێت، بەئامانجی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە و گۆڕینی باڵانسی هێز لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب چوونکە لای هەموولایەک کۆکن لەسەر لاوازکردنی کورد لەشارەکە.

ئەو بەرپرسەی پارتی ڕاشیگەیاند: بەعەرەبکردنی کەرکووک بەردەوامە لەلایەن پارێزگار و حەشدی شەعبییەوە چونکە بەردەوام عەرەبی شیعە لە پارێزگاکانی دیکەوە هاوردەدەکرێن ئەمە جگە لەو عەرەبانەی کەس و کار و خانەوادەی داعشن و پیاوەکانیان نەماوە دەیانهێنن لە کەرکووک نیشتەجێیان دەکەن و ناسنامە و ڕەگەزنامە و پسوولەی خۆراکیان پێدەدەن بۆئەوەی بەبێ هیچ گرفتێک بتوانن دەنگ بدەن، ئەمە جگە لەو عەرەبانەی کە لەکاتی جێبەجێکردنی مادەی 140 گەڕابوونەوە پارێزگاکانی خۆیان ئێستا دووبارە هاتوونەتەوە کەرکووک. ئاماژەی بەوەش کرد: هەرچەندە گفتووگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا پێشوەچوونیان بەخۆوە بینیوە و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەسەر هێڵن بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بەڵام هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی نەنراوە بۆ ڕاگرتنی بەعەرەبکردنی شارەکە.

پڕۆژەیاسای بوودجە ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت

ئیخڵاس دلێمی: هەرێمی کوردستان لە ڕادەستکردنی نەوتدا داوای گەرەنتی دەکات



ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئیخلاس دلێمی گوتی، پڕۆژەیاسای بودجە ئامادە کراوە و گفتوگۆ لەسەر پشکی هەرێم دەکرێت، کە لە مانگی داهاتوودا ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت و ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت، بەڵام هەرێم بۆ ڕادەستکردنی نەوت داوا دەکات گەرەنتی هەبێت.

ئیخلاس دلێمی، لە لێدوانێکدا بۆ مالپەڕی پارتی گوتی: لە دوو ڕۆژی داهاتوودا پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت، چونکە لە وەزارەتی دارایی تەواو بووە و لە ئێستاش گفتوگۆ لەبارەی پشکی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێت و هەر کاتێک تەواو بوو، ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت. دلێمی گوتیشی: چاوەڕێ دەکرێت لە مانگی داهاتوودا لەسەر پشکی هەرێم ڕێککەوتن بکرێت و لە ئێستاشدا گفتوگۆ لەسەر نەوتی هەرێم دەکرێت و هەر کاتێک یەکلا کرایەوە، ئەو کات کۆتایی بە ڕێککەوتنەکە دێت و بوودجە ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت. ناوبراو باسی لەوەشکردووە، هەرێمی کوردستان ترسی لە ڕادەستکردنی نەوت بە بەغدا هەیە و داوا دەکات گەرەنتی هەبێت بۆ ئەوەی بەغدا بە تەواوی بودجەی هەرێم ڕەوانە بکات و ئەوانیش نەوت ڕادەستی بەغدا بکەن، بۆ ئەوەی دواتر گرفت بۆ هەرێمی کوردستان دروست نەکەن، چونکە هەرێمی کوردستان بە هۆی بڕینی پشکی بودجەکەیەوە تووشی قەرز بووە و پێویستە حکوومەتی عێراق بیداتەوە.

وەزیری ناوخۆ پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان دەکات



ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ و ویلیام نیکۆڵاس کوزین کونسوڵی گشتیی شانشینی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان ڕەوشی ئەمنیی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان و پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان هەردوولایان تاوتوێ کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا، کونسوڵی گشتیی هۆڵەندا وێڕای پیرۆزبایییکردن لە وەزیری ناوخۆ بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لەم ئەرکە نوێیەیدا، خۆشحاڵی خۆی نیشان دا کە هەرێمی کوردستان سەرەڕای شەڕی تیرۆریستان و قەیرانی دارایی دەستی بە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە و بنیادنانەوە کردووە و جیاوازی زۆری لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەیە لەم ڕووەوە، ئامادەیی شانشینی هۆڵەندا نیشان دا بۆ هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان لەم هەڵمەتەدا هەروەک لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا لەچوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هاوکار بووە. لەبەرامبەریشدا وەزیری ناوخۆ سوپاسی کردن و ڕایگەیاند کە خەڵکی کوردستان ئەو دۆستانە لەبیر ناکات کە لە تەنگانەدا یارمەتییان داون و خوازیار بوو ئەم هاوکاری و هەماهەنگییانە بەردەوام بن و زیاتریش پەرە بستێنن بۆ سەرجەم بوارەکان.

گەنجەکەی نەمسا لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا شکست بە ڕاستڕەوەکان دەهێنێت



ڕاوێژکاری نەمسا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵاتەکەی، شکست بە پارتی ڕاستڕەوی وڵاتەکەی دەهێنێت. ڕۆژی یەکشەمە 2019/9/29 هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی نەمسا بە بەشداریی شەش ملیۆن و 500 هەزار دەنگدەر، بەڕێوە چوو. هەڵبژاردنەکە دوای هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیی فەرمانڕەوا ئەنجام درا، کە ماوەی 18 مانگ حکوومەتی نەمسای پێکهێنا بوو و بەهۆی ئاشکرابوونی ئابڕووچوونی سەرکردەیەکی پارتی ئازادی (ڕاستڕەوی توندڕەو)، لە مانگی 5ی ئەمساڵ هەڵوەشایەوە.

بەپێی ئەنجامە نافەرمییەکان، پارتی پاریزگاران بە سەرکردایەتیی سێباستیان کورتز، ڕاوێژکار (سەرۆک وەزیران)ی نەمسا، بە مسۆگەرکردنی 37.2%ی کورسییەکان، زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستهێناوە. پارتی ئازادی (ڕاستڕەوە توندڕەوەکان) ڕێژەی 16%ی کورسییەکانی پەرلەمانی بە دەست هێناوە و لەچاو هەڵبژاردنی ڕابردوو لە ساڵی 2017 کورسییەکانیان کەمی کردووە.

سێباستیان کورتز، لە ساڵی 1986 لە دایکبووە، لە ساڵی 2005 چووەتە کۆلێژی ماف و دواتر بەر لە تەواوکردنی کۆلێژەکە، وازی لە خوێندن هێناوە. کورتز لە ساڵی 2013 کرایە وەزیری دەرەوە و لە ساڵی 2017ش کرا ڕاوێژکار (سەرۆک وەزیران)ی نەمسا.

سەرچاوە/ پاسنیوز

لە جەبارە ڕێگە نەدرا میلیشیاکان باخچەیەکی ساوایان داگیر بکەن



لە شارەدێی "جەبارە"ی سەر بە خانەقین، میلشیاکانی عەسائبی ئەهلی حەق هەوڵیان داوە باخچەیەکی ساوایان بکەنە بارەگا، بەڵام هاوواڵاتیان ڕێگەیان پێ نەداون ئەو باخچەیە داگیر بکەن. کەمال ئیبراهیم، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی قەرەتەپەی پارتی کە هاوکات سەرپەرشتیی شارەدێی جەبارەش دەکا، بە خەباتی ڕاگەیاند: لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن میلیشیاکانی عەسائبی ئەهلی حەق لەم ڕۆژانەدا هەوڵیان داوە لە ناوەندی باخچەیەکی منداڵان لە شارەدێی جەبارە بارەگا بکەنەوە، بەڵام هاوواڵتیانی ناوچەکە ڕێگەیان پێ نەداون. گوتیشی: لەو ناوچانەی کە کورد و سوننە زۆرن و میلیشیاکان ناتوانن بڕیارەکانیان هاوشێوەی ئەو ناوچانە جێبەجێ بکەن کە شیعە مەزهەبی زۆرتر تێدایە. بە گوتەی ئەو بەرپرسەی پارتی، هەوڵی میلیشیاکان سەری نەگرتووە، بەڵام کار بۆ کردنەوەی بارەگا دەکەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان.. تەنیا لە مانگی ئەیلوولدا هەشت هاوواڵاتی کورد لەسێدارە دراون



لە مانگی ئەیلوولدا لانیکەم 8 هاوواڵاتی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران لەلایەن دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتەوە لەسێدارە دراون. بەپێی لێدوانی ئەرسەلان یارئەحمەدی بەرپرسی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ ، بۆ خەبات ، لە ماوەی مانگی ئەیلوولی 2019دا، لانی کەم 8 هاوواڵاتیی کورد لە شارەکانی ورمێ، ئیلام، کرماشان، بروجێرد، سنە و سەڵماس، لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە لەسێدارە دراون. یارئەحمەدی گوتیشی: چوار کەس لەوانەی لەسێدارە دراون، بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و چوار کەسی دیکەش بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست لەسێدارە دراون کە کەسێکیان ئافرەت بووە. ئەو بەندکراوانەش لە بەندیخانەی سەڵماس، ورمێ، سنە ، بروجێرد و ئیلام و کەرەج لەسێدارە دراون.

عادل عەبدولمەهدی:

ئیسرائیل لە پشت هێرشەکانی سەر حەشدی شەعبیەوەیە



سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ئیسرائیلی بەرپرسیار کرد لەو هێرشانەی کرانە سەر کۆگاکانی چەک و بارەگای سەربە هێزەکانی حەشدی شەعبی. لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەڤزیۆنی الجزیرە کە ناوەندەکەی لە قەتەرە، عەبدولمەهدی سەبارەت بەو هێرشە ئاسمانییەی کرایە سەر حەشدی شەعبی رایگەیاند: ئەو لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونانەی کراون نیشانی دەدەن کە ئیسرائیل لە پشت هێرشەکانی سەر حەشدی شەعبیەوەیە.

عەبدولمەهدی نیگەرانی خۆشی نیشاندا لەبارەی گۆڕینی گۆڕێی نێوان ئەمەریکا و ئێران بۆ جەنگ، باسی لەوەش کرد کە جگە لە ئیسرائیل کەس لە ناوچەکەدا جەنگ ناخوازێت. عەبدولمەهدی ئاماژەی بە گرژیی نێوان تاران و واشنتۆنیش کرد و، رایگەیاند: رەنگە لە ناوچەکەدا تاکلایەنە جەنگ دروستببێت. بەڵام کۆتایی هاتنی ئەوە سەخت و قورس دەبێت. پێویستە ناوچەکە بە دوور بگیرێت لە جەنگ.

سەرۆکوەزیرانی عێراق عەبدولمەهدی، باسی لەو سەردانەش کرد کە شەش رۆژ پێش ئێستا بۆ سعوودیە ئەنجامی دابوو و، رایگەیاند: هۆکاری سەردانەکەم بۆ سعوودیە بانگهێشتکردن بوو بۆ ئارامی. وابزانم سعوودیە لەگەڵ ئاشتییە. چارەسەرکردنی قەیرانی یەمەن دەبێتە کلیلێکی چارەسەر بۆ هەموو قەیرانەکانی کەنداو. هەموو ولاتانی پەیوەندیدار بە لایەنی قەیرانی کەنداو باس لە دانووستان و دیالۆگ دەکەن. سعوودیە و ئێران ئامادەی دانووستانن. ئامادەبن بچینە نێو هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو لایەنەی دەستەبەری ئاسایشی کەنداو دەکات جا هەر لایەنێک بێت. ئەو هاوپەیمانیە هەموو ولاتانی کەنداو دەگرێتەوە.

بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە عەبدولمەهدی لە میانی سەردانەکەی هەفتەی رابردوویدا بە حکوومەتی ریازی راگەیاندووە کە ئامادەی نێوەندگیرییە لەنێوان ئێران و سعوودیەدا.

سعودیە هۆشداری بەرزبوونەوەیەکی گەورەی نرخی نەوت لەجیهاندا دەدات

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی




محەمەد بن سەلمان جێنشینی سعودیە هۆشداری بەرزبوونەوەیەکی مەترسیداری نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا دەدات و دەڵێ ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپەرچی ئێران نەداتەوە ئەوا ئاسایشی ئابووری لەجیهاندا دەکەوێتە مەترسییەوە کە رەنگە راستکردنەوەی مەحاڵ بێت.ئەم لێدوانەی محەمەد بن سەلمان جێنشینی سعودیە دوای دوو هەفتە دێت لەو هێرشە گەورەیەی کرایە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە و کە ئەوکات سعودیە و ئەمەریکا و زۆر ولاتی دیکە ئێران تاوانبار کرد بەئەنجامدانی ئەم هێرشە ئەگەرچی حوسیەکانی یەمەن هەر خێرا بەرپرسیاریەتی خۆیان لەو هێرشە راگەیاند.

محەمەد بن سەلمان لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی CBSی ئەمەریکی، هۆشداری شێواندنی ئابووری جیهان و بەرزبوونەوەی چاوەڕوانەکراوی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا و گوتی: ئەگەر شەڕ لەنێوان سعودیە و ئێران رووید ئەوا نرخی نەوت بەرادەیەکی مەترسیدار بەرز دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی شێواندنی بازاڕی نەوت لەجیهان و ئابووری زۆربەی ئەو وڵاتانەی پشت بەهاوردەی نەوت دەبەستن دەکەوێتە مەترسییەوە. لەلای خۆیەوە حەسەن نەسروللا رابەری حزبوللای لوبنانی داوای لەسعودیە کرد واز لەدژایەتی ئێران و شەڕفرۆشیەکانی بێنێت، چونکە مالی سعودیەکان ئەوەندە لەرزۆکە لەهەرکاتێکدا دەکرێت بەسەریاندا بڕوخێت و گوتیشی ئەوەی لەهێرشەکەی دوو هەفتە لەمەوپێشی سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە بینرا حەقە پەندێک بێت بۆ توانای ئێران و لەرزۆکی دەسەڵاتی ریاز.

فەرماندەی سوپای پاسداران:

لەناوبردنی ئیسرائیل چیتر خەون نییە



فەرماندەی گشتی سوپای پاسدارانی ئێران دەڵێت لەناوبردنی ئیسرائیل چیتر خەون نییە و دەکرێت بێتە دی. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران دەڵێن حوسێن سەلامی دوێنێ دووشەمە لە وتارێکدا بۆ ژمارەیەک لە فەرماندەکانی پاسداران گوتوویەتی "لە هەنگاوی یەکەمی شۆڕشی ئیسلامی ڕێگەمان خۆشکرد بۆ شیانی لەناوبردنی قەوارەی زایۆنی، بەڵام لە هەنگاوی دووەمی شۆڕشی ئیسلامی دەبێت ئەم قەوارەیە لە جوگرافیای جیهان لابببرێت، ئەمەش چیتر خەون نییە بەڵکو ئامانجێکە دەکرێت بێتە دی.

فەرماندەی سوپای پاسداران ئەوەشی گوتووە: زۆر وڵات هەن بەهێزن و خاوەن ئامرازەکانی هێرشن، بەڵام ئەو هێزەیان خۆی ناگرێت لە بەردەم هەر گورزێکدا وە قەوارەی زایۆنیش نمونەیەکە بۆ ئەمە.

ئەم لێدوانەی سەلامی ڕەنگە کاردانەوەی توند بە دوای خۆیدا بهێنێت، بەو پێیەی ئەم ڕاگەیاندنە لە زاری یەکێک لە فەرماندە بالاکانی هێزی لەشکری ئێرانەوە بڵاوکراوەتەوە. جێی باسە ئیسرائیل هەمیشە هۆشداری داوە لەوەی ئامانجی ئێران لەناوبردنی ئیسرائیلە، بۆیە ڕێگر دەبێت لەوەی تاران پەرە بە توانا لەشکرییەکانی بدات، بە تایبەتیش لە هەوڵی گەیشتن بە چەکی ناوکی.



ئەمەریکا ناوەندی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانی خۆی لە قەتەر داخست

راگەیەندرا هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا ناوەندی یەکگرتووی ئۆپەراسیۆنەکانی لە قەتەر داخستووە. بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا کۆتایی بە چالاکییەکانی ناوەندی یەکگرتووی ئۆپەراسیۆنەکانی هێناوە، کە لەنێو بنکەی سەربازیی العوبەیدی قەتەردا بوو.

ئەو ناوەندەی کە کۆنترۆڵی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا و باشووری ئاسیای دەکرد، گواستراوەتەوە بۆ بنکەی شاوی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا لە ویلایەتی کارۆلینای باشوور. کێشانەوەی ناوەندەکەش لەلایەن واشنتۆنەوە لەکاتێک دایە کە لەگەڵ ئێراندا گرژیی لەنێوانیان دایە، بۆیە جێگای سەرنجە. بەڕێوەبردنی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا، لەڕوونکردنەوەکانیاندا بۆ ڕۆژنامەکە جەختیان کردووەتەوە، دەمێکە پلانی کێشانەوەی ناوەندەکە لەئارادایە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی گرژییەکان لەگەڵ ئێراندا، پێویستیی زیاتری بە پڕۆژەکە داوە. ئەو بەڕێوبەرانە ئاماژەیان بەوە داوە، ئێران چەندین جار بەڕوونی نیازی خۆی بۆ کردنە ئامانجی سەربازانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا ڕایگەیاندووە و دەکرێت ناوەندەکە لەگەڵ بنکە سەربازییەکەی قەتەردا بکرێتە ئامانج.

ئەمە لەکاتێکدایە 14ی ئەیلوول لەڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە وێستگە نەوتییەکانی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی سعوودی ئارامکۆ کرابوونە ئامانج.

هەرچەندە هەر زوو حوسییەکانی یەمەن بەرپرسیارێتیی پەلامارەکەیان لەئەستۆ گرت، بەڵام ئەمەریکا و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پەنجەی تۆمەتیان بۆ ئێران دریژ کرد.

تونس.. تانەکانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ڕەتکرانەوە



دادگای کارگێڕی لە تونس بە شێوەیەکی کۆتایی سەرجەم ئەو تانانەی ڕەتکردەوە کە دژبە ئەنجامی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی پێشکەشکرابوون. گوتەبێژی دادگای کارگێڕی لە تونس، عیماد غابری لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو ڕایگەیاندووە کە دادگای کارگێڕی بڕیاری کۆتایی خۆی دەرکرد سەبارەت بەو تانانەی کە دژبە ئەنجامی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتییدا پێشکەش کرابوون.

عیماد غابری ئاشکراشی کردووە کە بەپێی بڕیارەکە، دادگای کارگێڕی بە شێوەیەکی کۆتایی سەرجەم ئەو تانانەی ڕەتکردەوە کە دژبە ئەنجامی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی پێشکەشکرابوون.

جێی باسە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتییدا کە لە 15ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو کاندیدی سەربەخۆ، قەیس سەعید18 و پۆینت 4 لەسەدی دەنگەکانی و سەرۆکی پارتی "دڵی تونس"ی زیندانیکراو نەبیل قورەوی 15 و پۆینت 58 لەسەدای دەنگەکانیان بەدەستهێنابوو. پێشتر ئەندامی دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی تونس، فاروق بوعەسکەر ڕایگەیاندبوو کە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە سێزدەی مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچێت کە تیایدا هەریەک لە قەیس سەعید و نەبیل قورەوی ڕکابەری یەکتر دەکەن.

ڕۆژی پێنجشەممەی هەفتەی ڕابردووش، پێنج دۆسیەی تانەلێدان دژبە ئەنجامی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی پێشکەشکرابوون بە دادگای کارگێڕی کرابوو، دوای ئەوەی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو دادگا تانەی ڕەتکردەوە کە پێنج کاندید پێشکەشەیان کردبوو.

سەرچاوە/ دەنگی ئەمەریکا

ئێران پشتیوانی خۆی بۆ ئۆپەراسیۆنی حووسییەکان لە یەمەن دەربڕی

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی ڕایگەیاند کە ئەو ئۆپەراسیۆنەی حووسییەکان دەستیان پێی کردووە بە "بەرگری شەرعی "دەبین و پشتیوانی لێ دەکەن. عەباس موسەوی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە وەزارەتی دەرەوە سازی کرد، باسی لە بابەتەکانی ڕۆژەف کرد و وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانی دایەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران باسی لەوە کرد کە ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی حووسییەکان دەستیان پێی کردووە بە "بەرگری شەرعی" و پشتیوانی لێدەکەن و گوتی: یەمەنییەکان لەژێر هێرشدان، لەبەرئەوە زۆر ئاسایی بەرپەرچی بدەنەوە. ئێران لە ڕووی مەعنەوی و سیاسییەوە پشتیوانی ئەوەی کردووە.

عەباس موسەوی وەڵامی تۆمەتەکانی جێنشینی سعوودیە، شازادە محەمەد بن سەلمانی دایەوە و گوتی: ئەو بانگەشانەی دژبە ئێران دەکرێن بنەمایان نییە. پێویستە لە یەمەن ئاگربەست پەسەند بکرێت و چارەسەری سیاسیی ئاشتییانە دەست پێ بکات. تاکە ڕێگا بۆ دەرچوونی سعوودیە لەو قەیرانە پەسەندکردنی ئاگربەستە و کۆتاییهێنانە بە گەمارۆ. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران باسی لەوە کرد کە یەمەن لەژێر گەمارۆی سەختدایە و ڕێگاکان خەریکە دەکرێنەوە بۆ گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان و ئێران پشتیوانی پێویست لەو بارەیەوە پێشکەش دەکات.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی باسی لەوەش کرد کە ئاگاداری هیچ هەڕەشەیەک نین بۆ کشانەوەی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، بەڵام بەڵێنەکانی ئەو وڵاتانە پەیوەستە بە داخوازی ئەمەریکاوە و گوتی: ئەگەر وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و وەڵامی ئەو هەنگاوانەمان بدەنەوە کە وەک قەرەبوو ناومانە ئەوا ئەوە زۆر پێکەناوی و هەڵە دەبێت. ئامۆژگاریان دەکەین هەنگاوی وا نەگرنەبەر.

عەباس موسەوی دووپاتیشی کردەوە هەتا سزاکان هەڵنەگیرێن، ئەمەریکا هەڵەکان پەسەند نەکات و نەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی، دانوستان نابێت. ئاماژەی بەوەیش کرد کە هەر جۆرە دانوستانێک لەگەڵ ئەمەریکادا پەیوەستە بە مەرجی گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی.

www.xebat.net

خەبات

سێ شەممە 2019/10/1 ژمارە (5839)

ئێکەتیا ئەوروپا بکوژمێ پتر ژ 5 ملیون و 2 سەد هزار یورویا پشتەڤانیا کەرتێ ساخلەمیا پارێزگەها دهوکێ دکەت

دوهی سێپێدێ 30/ 9/ 2019 ب ئامادەبونا بەهزاد علی ئادەم نونەرێ پارێزگەرێ دهوکێ و بەرێزان ڤێنسین پوپییو کونسلێ ئێکەتیا ئەوروپا ل هەرێما کوردستانێ وکونسلا وەلاتێ ئیتالیا و رێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ و چەند بەرپرسێن رێکخراوێن مروڤایەتی رێ و رسمێن واژوکرنا گرێبەستەکا تایبەت بو پێشئێخستنا ژێرخانا کەرتێ ساخلەمیێ ل پارێزگەها دهوکێ هاتنە گێران.

لبەراهیێ بەهزاد عەلی ئادەم بنافێ پارێزگەرێ دهوکێ و کارگێریا پارێزگەهێ سوپاسیا ئێکەتیا ئەوروپا کر کو بەردەوام هاریکاریا هەرێما کوردستانێ دهەموو بوارانـدا دکەت و خوشحاليا خو دیارکر بەرامبەر وێ گرنگیا ددەتە پروژێن ساخلەمیێ و باشکرنا کوالیتیا پێشکێشکرنا خزمەتێن تەندورستی بو زاروک و دەیک و هەموو نەخوشان و داخازکر کو ئێکەتیا ئەوروپا پتر هاریکاریا بو هەرێما کوردستانێ بگشتی و بو پارێزگەها دهوکێ ب تایبەتی پێشکێشکەت و پشتەڤانیا پارێزگەها دهوکێ نیشان دا بو بجە ئینانا بەرنامێن ئێکەتیا ئەوروپا ل دەڤەرێ .



ل دوڤدا کونسلێ ئێکەتیا ئەوروپا و کونسلا ئیتالیا و رێڤەبەرێ کومپانیا (ئایسپو) یا جێبەجێکرنا پروژان و رێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ ل پارێزگەها دهوکێ پەیڤێن خو پێشکێشکرن و گرنگیا بجهئینانا پروژێن ساخلەمیێ بو پارێزگەها دهوکێ بەرچاڤکرن.

پاش درێ و رسمەکیدا گرێبەستا پێشئێخستنا ژێرخانا تەندورستی ل پارێزگەهێ دناڤبەرا رێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەهێ و کومپانیا (ئایسپو) یا جێبەجێکرنا پروژێن ساخلەمیێ هاتە واژوکرن.

هەژی گوتنێ یە بو سالێن 2019 و 2021 ئێکەتیا ئەوروپا 5 ملیون و 200 هزار یورو بو پێشئێخستنا پروژێن ساخلەمیێ ل نەخوشخانێن هیڤی و تەنگاڤیا و فێرکرنێ ل دهوکێ و ل نەخوشخانێن قەزایێن ئاکرێ و ئامێدیێ تەرخانکرینە و ئارمانج ژڤی بەرنامی ئەوە کوالیتیا خزمەتکرنا دەیک و زاروکا و هەموو نەخوشان ل وان نەخوشخانا بهێتەباشکرن و چرکرن هەروەساخولێن تایبەت ژی ل دەرڤەی وەلاتی بو نوشدار و کارمەندێن وان نەخوشخانا دێ هێنە ڤەکرن.

ئەنجوومەنی وەزیران بڕی 3 ملیار دیناری بۆ نۆژەنکردنەوەی رێگاوبانەکانی ئیدارەی راپەڕین تەرخان کرد

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە رێگەی تەرخانکردنی بودجە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنەوە بودجەی بۆ5 پرۆژەی گرنگی رێگاوبانی دەڤەری راپەڕین تەرخان کرد.

ئەندازیار بەختیار ئەحمەد بەڕێوەبەری چاککردنەوە و پاراستنی رێگاوبانی راپەڕین لە لێدوانێکیدا رایگەیاند: لە چوارچێوەی ئەو بودجەیەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تەرخان کراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی رێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستان، بودجە بۆ رێگاوبانەکانی ئیدارەی راپەڕینیش تەرخان کرا.

بەرێوەبەری چاککردنەوە و پاراستنی رێگاوبانی راپەڕین، راشیدەگەیەنێت: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بری3 ملیار دیناری بۆ رێگاوبانەکانی ئیدارەی راپەڕین تەرخان کردووە، پرۆژەکانیش زۆر گرینگن و بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەش رووداوی هاتوچۆ کەمتر دەبێتەوە. ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا ئەو پرۆژانەی کە لە ئێستادا پارەیان بۆ تەرخان کراوە 5پرۆژەن و ئەوانیش بریتین لە نۆژەنکردنەوەی رێگای دۆکان ـ چوارقوڕنە، سەروچاوە ـ بالیسان، رێگای رانیە ـ تا دەربەندی رانیە، پرۆژەی چوارەمیش چاککردنی ژێر پردەکانی سەنگەسەر ـ ژاراوەیە کە بە هۆی لافاوەوە زیانی بەرکەوتبوو، پێنجەمیش چاککردنەوەی رێگای کورتەک و ئیشکەڕۆ لە بناری قەندیلە، دەشڵێت،: ئێستا لەو پرۆژانەدا دەست بە کارکردن کراوە و بودجەی پێویستیان بۆ دابین کراوە. ئەندازیار بەختیار جەختیش دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی و بەپێی ئەو ماوەیەی بۆ کۆمپانیاکان دیاری کراوە، پێویستە لە ماوەی کەمتر لە 70 رۆژدا سەرجەمی ئەو پرۆژانە تەواو بکرێن. دەشڵێ: ئەوەی زۆر گرینگە لای ئێمە ئەوەیە شۆفێران هاوکارمان بن و پابەندی رێنماییەکانمان بن. هاوکات حوسێن مەحموود قایمقامی قەزای رانیە بۆ رایدەگەیەنێت: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بودجەی بۆ نۆژەنکردنەوەی رێگاوبانەکان تەرخان کردووە، ئەو بڕە پارەیەش کە بۆ پارێزگای سلێمانی دانراوە بەشێکی بۆ ئیدارەی راپەڕینە، هەروەها جەختیش دەکاتەوە کە رێگاکانی ئیدارەی راپەڕین پێش وەرزی زستان نۆژەن دەکرێنەوە.



ئەحمەد کانی پێشوازی لە بەڵێن عەبدوڵا دەکات

دوێنێ 30\9\2019 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق پێشوازی لە بەڵێن عەبدولا سەرۆکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و سەعد خالید ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد.

لەو دیدارەدا بارودۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە گفتوگۆیان لە بارەوە کرا و پێیان وابوو ناوچەکە بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ و بۆ ئەو قۆناغەش یەکریزی و تەبایی کوردستان دەگەیەنێتە کەنارێکی ئارام.

هەر لەو دیدارەدا هەردوولا جەختیان لە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان کردەوە و دووپاتیان کردەوە کە یەکهەڵوێستی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە بەرامبەر پرسە چارەنووسسازەکان هێزی یەکدەستی کورد لە عێراق و ناوچەکەش نیشان دەدا، هاوکات گرەنتی دەستخستنی ماف و داخوازییە شەرعییەکانی ئەو گەلەیە کە چەندین ساڵە قوربانی بۆ دەدا و خەباتی لە پێناودا دەکات.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکە باسی هەنگاوەکانی حکومەتی کوردستانیان کرد بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسی نەوت و بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان و پرسەکانی دیکەی پەیوەند بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە جێی ئومێد و دڵخۆشین، هەروەها پێیان وابوو بە خۆڕاگری خەڵکی کوردستان قۆناغە سەختەکان تێدەپەڕن.

کوردستان لە ناوچەکەدا خاوەن پێگەیەکی گرنگی جیۆگرافییە



سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت: کوردستان لە ناوچەکەدا خاوەن پێگەیەکی گرنگی جیۆگرافییە، لە بواری وەبەرهێنانیشدا دەرفەتێکی زۆر باش هەیە و دەرگاش بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و دەرەکی والا کراوە. سەرۆکی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ: ئەم پێشانگایەی ئەمڕۆ کرایەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پایەی ئیش و کار لە هەرێمی کوردستان، هاوکات گرینگیدانە بە کەرتی بازرگانی و باری ئابووریی هاوڵاتیان.

دارا جەلیل خەیات سەرۆکی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە کردنەوەی سێزدەیەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر دەڵێ: ئەم پێشانگایە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پایەی ئیشوکار لە هەرێمی کوردستان، هاوکات گرینگیدانە بە کەرتی بازرگانی و باری ئابووریی هاوڵاتیان، بەو پێیەی کە سەرۆکی حکوومەتی هەرێم مەسرور بارزانیش لە پەیامەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە لە کارنامەی کابینەکەیدا گرینگی بە بواری بازرگانی و وەبەرهێنان دەدەن لە پێناو داهاتی هەمەچەشن بۆ هەرێمی کوردستان.

ناوبراو بەشداربوونی300 کۆمپانیای جۆراوجۆری لە24 ولاتی جیهانەوە بەرز نرخاند، هاوکات ئاماژەی بەوەشدا کە زۆربەی کۆمپانیاکانی جیهان سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوودا پێشکەوتنێکی بەرچاو هەیە.

دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند: بەو پێیەی هەرێمی کوردستان لە رووی جیۆگرافیی ناوچەکەوە شوێنێکی گرینگی هەیە و دەرفەتی باشیشیان بە وەبەرهێنەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان داوە، بازرگانان و وەبەرهێنەران رووی تێ دەکەن.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان جەختی لەوەش کردووە کە هانی وەبەرهێنەرانی دەرەکی و ناوخۆیی دەدەن کە زیاتر لە بواری دابینکردن و دروستکردنی کارگەی گەورە رۆڵیان لە کوردستاندا هەبێت، هەتا لەو ناوەندەدا هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان سوودمەندبن.

لە بارەگای لقی 24ی سەفین کێشەیەکی کۆمەڵایەتی چارەسەرکرا



لە بارەگای لقی 24ی سەفینی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ئامادەبوونی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی، رزگار ئیسماعیل کارگێڕی مەکتەبی جەماوەرییەکانی لق و فاخیر جەمیل بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لق و بە ئامادەبوونی کەسایەتی دیاری سنووری خۆشناوەتی لیوا موحسین خۆشناو لە دانیشتنێکدا کێشەی نێوان دوو بنەماڵە کە دانیشتووی سنووری کۆیە بوون چارەسەر کرا، ماوەیەکە کێشە کەوتبووە نێوانیان و بە هەوڵ و ماندووبوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لق و لەژێر راسپاردەی بەرپرسی لقی 24ی سەفین توانرا کێشەکەیان چارەسەر بکرێت و کۆنووسی ئاشتەوایی نێوانیان واژۆکرا و کۆتایی بە کێشەی نێوانیان هات.

لای خۆشیانەوە هەردوو بنەماڵە سوپاسی بەرپرسی لقی 24ی سەفین و مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقیان کرد کە خۆیان بە خاوەنی کێشەکەزانی و خەمخۆرانە لەگەڵیان بوون تاوەکو کێشەکەیان بگاتە چارەسەر.

ژمارەیەک کۆمپانیا دادەخرێن و دەخرێنە لیستی رەشەوە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

دکتۆر عارف حیتۆ بەرێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی لە وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی روونیکردەوە: لە کوردستان 172 کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی تۆمار کراون و مۆڵەتی 10یان هەڵوەشاوەتەوە و خراوەتە لیستی رەش و 58 کۆمپانیاش بەهۆی پابەند نەبوون بە رێنماییەکان و نەبوونی هیچ جۆرە چالاکیەک لە ماوەی ساڵێک کارکردندا راگیراون و لەو 172 کۆمپانیایەش 34 کۆمپانیا هەڵوەشێنراوەتەوە و کۆمپانیای دیکە کارەکانی ئەوانیان لە ئەستۆ گرتووە و رۆژانە کار دەکەن و لەو ژمارە کۆمپانیا مۆڵەت پێدراوانە 19 کۆمپانیا مۆڵەتیان تازە نەکردۆتەوە و 51 کۆمپانیاش بەبێ کێشە کاری خۆیان ئەنجام دەدەن و داواش لە کۆمپانیاکان دەکەین کە پابەندی رێنماییەکان بن.

گۆڤاری (شایان) دەردەچێت

گۆڤاری کاغەزی (شایان) کە خاوەن ئیمتیازەکەی (د. ئیدریس هادی) و سەرنووسەرەکەی (هێرۆ ئیسماعیل عارف)ە کە بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێر دەبێت، بە زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) بە شێوەیەکی مانگانە دەردەچێت.

هەر کەسێک تێبینی یان لاری هەیە با پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکات:

07504120421

زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک

بەرپرسی لقی 16 پێشوازی لە شاندێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا ئەلپارتی کرد

بە مەبەستی پتەوترکردنی پەیوەندییەکان و هەماهەنگی زیاتر لە نێوان هەردوولا شاندێکی بالای پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا ئەلپارتی، سەردانی بارەگای لقی 16ی هەولێریان کرد و لە لایەن بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان و چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق بە گەرمی پێشوازیکران .

لە دەسپێکی کۆبوونەوەکەیاندا شاندی میوان چەندین تەوەریان خستە بەر باس و گفتوگۆی تێر و تەسەلیان لەسەر کردن، هەروەها هەماهەنگی و پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون کە جەخت لەسەر هاوخەباتی و هاوهەڵوێستی نێوان هەردوولا کرایەوە. دواتر بەرپرسی لقی 16 وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی شاندی میوان ئومێدی خواست ئەو جۆرە کۆبوونەوە و سەردانانە بەردەوامبن لە پێناو ئەنجامدانی کاری هاوبەش و خزمەتکردنی دۆزی رەوای میللەتەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، هەروەها ئاماژەی بە دوایین رووداو و پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ناوچەکە کرد بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کە گەلەکەمان پێویستی بە یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی زیاتر هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران، بۆ ئەم مەبەستەش پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکان لە یەک بەرەدا کۆبکاتەوە و خیتابی سیاسی کورد یەکبخات.



یەک نەخۆشخانەی منداڵان لە شاری هەولێر هەیە

ڕۆژانە 1500 تا 2000 نەخۆش سەردانیان دەکەن و هەر پەرستارێک 35 نەخۆشی بەردەکەوێت

د. عەبدولسەبور ئەحمەد: داوامان کردووە دوو نەخۆشخانەی دیکەی منداڵان دروست بکرێت





خەبات: هەولێر

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری بۆ منداڵان، دکتۆر عەبدولسەبور ئەحمەد دەڵێت: پێشنیازی دووبارەکردنی دوو نەخۆشخانەی دیکەی منداڵان دەکەین، چونکە بەپێی ڕێژەی دانیشتووان یەک نەخۆشخانە کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری نەخۆشی منداڵ زۆر هەستیارە و دەبێت ئاگاداربین.

لە شاری هەولێر یەک نەخۆشخانەی منداڵان هەیە و بەڕێوەبەری ئەو نەخۆشخانەیەش ڕایدەگەیەنێت کە بەپێی ڕێژەی دانیشتووان، شاری هەولێر پێویستی بە دوو نەخۆشخانەی دیکە هەیە بۆ ئەوەی فشار لەسەر نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری بۆ منداڵان کەم بێتەوە و ئاماژە بەوەش دەکات، کە ڕۆژانە هەزار بۆ هەزار و ٥٠٠ کەس سەردانی بەشی ڕاوێژکارییەکان دەکەن و لە هەمانکاتدا ڕۆژانە 100 بۆ 200 منداڵ لەم نەخۆشخانەیە دەخەوێندرێن.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری بۆ منداڵان، دکتۆر عەبدولسەبور ئەحمەد لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: دوای ئەوەی هەر سێ بەشی نازوڕ، ڕژێن و چاودێری چڕ کە سێ بەشی هەرە گرنگن لە نەخۆشخانەکەمان کرایەوە، لەمەودوا پێویست ناکات بۆ پشکنین منداڵان بنێردرێنە دەرەوەی وڵات و ئێستا پشکنینەکان لە نەخۆشخانەکە دەکرێن، چونکە تا ئێشتا بەشی نازوڕ تەنها بۆ گەوران هەبوو، ئێستا بۆ منداڵانیش کراوەتەوە و پێویست ناکات منداڵان بچنە دەرەوەی هەرێم، هەروەها بەشی ڕژێن کە ئامێری پێشکەوتوومان بۆ هاتووە و دەتوانین زیاتر چاودێری منداڵەکە بکەین و لە مردن ڕزگاریان بکەین و ئەمەش شتێکی گرنگ بوو، ڕێژەی مردنیش کەمتر دەبێتەوە بە بوونی ئەم ئامێرانە، بەشی چاودێری چڕیش کە لە هەموو هەولێر لە نەخۆشخانەی حکوومی بوونیی نییە و لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ یەک شەو بڕی یەک ملیۆن دینار وەردەگیرێت و لەمەودوا لێرە بەخۆڕایی نەخۆش وەردەگرین و تەنها چاوەڕێی ئەوەین کە کارمەندەکانمان خولی تەواو ببینن و لە مانگی داهاتوودا دەستبەکار دەبن.

سەبارەت بە ژمارەی ئەو نەخۆشانەی ڕۆژانە سەردانی ئەو نەخۆشخانەیە دەکەن، دکتۆر عەبدولسەبور ئەحمەد گوتی: بە شێوەیەکی گشتی گیروگرفتەکان کەمی دەرمان و کەمی ستافە، چونکە وەکو ستاندارد، دەبێت هەر سێ نەخۆش، پەرستارێکی هەبێت، بەڵام ئێمە بۆ 35 نەخۆش یەک پەرستارمان هەیە و ئەمەش وا دەکات خەڵک گلەیی بکات و لە بەشی ڕاوێژکاری هەر نەخۆشێک دوو خولەکی بەردەکەوێت کە دکتۆر سەیری دەکات لە کاتێکدا هەر نەخۆشێک پێویستی بە زیاتر لە نیو کاتژمێر هەیە.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری بۆ منداڵان دکتۆر گوتیشی: لە تاقیگەکان لەسەر ئامێرەکە دەنووسرێت نابێت لە ڕۆژێکدا 100 پشکنینی زیاتر پێ ئەنجام بدرێت، بەڵام زیاتر لە هەزار پشکنینی پێ ئەنجام دەدرێت و ئەمەش وا دەکات ئەنجامەکە هەڵە بخوێنێتەوە و لە ڕاستیدا ستافەکانمان لۆدێکی زۆریان لەسەرە.

لەبارەی چارەسەری کێشە و گرفتەکانی بەردەم کەرتی تەندروستی و بەتایبەت نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری بۆ منداڵان، دکتۆر عەبدولسەبوور ئەحمەد گوتی: پێشنیازی دووبارەکردنی دوو نەخۆشخانەی دیکەی منداڵان دەکەین، چونکە بەپێی ڕێژەی دانیشتووان یەک نەخۆشخانە کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری نەخۆشی منداڵ زۆر هەستیارە و دەبێت ئاگاداربین، ئامێرێکمان بۆ هاتووە قیاسی دڵۆپەکان دەکات لە پێدانی بە نەخۆش و ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنێین و وا دەکات کە بتوانین خزمەتی زیاتر نەخۆش بکەین.

ناوبراو گوتیشی: زۆربەی نەخۆشەکان متمانەیان بە بنکە تەندروستییەکان نییە و ڕەوانەی لای ئێمەی دەکەن و ئەمەش کێشەیەکی دیکەیە، پێویستە لە بنکە تەندروستییەکان، پسپۆڕیی لە هەموو بەشەکان هەبێت بۆ ئەوەی نەخۆش پێویستیی بەوە نەبێت ڕەوانەی نەخۆشخانەی دیکەی بکەن.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری منداڵان: لەمەودوا پێویست ناکات بۆ پشکنین منداڵان بنێردرێنە دەرەوەی وڵات، ئێستا پشکنینەکان لە نەخۆشخانەکەمان دەکرێت

بۆ زستانی ئەمساڵ.. بەڵێنی زیادبوونی کارەبا بە هاونیشتمانیان دەدرێت

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم: ئومێد هەیە بۆ زستانی ئەمساڵ پێدانی کارەبا بە هاووڵاتیان باشتر بێت بە بەراورد لەگەڵ زستانی ڕابردوو

ڕاپۆرت: سەید فاتیح بەرزنجی

بە گوتەی ئومێد ئەحمەد بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم دانانی پلان و زیادکردنی کارەبا بۆ وەرزی زستان و سەرماو سۆڵەی ئەمساڵ لەلایەن وەزارەتی کارەبای هەرێم وەک داواکاری پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کراوەو چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانن.

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم گوتی: دیارە باشتربوونی کارەبا بۆ وەرزی زستان و سەرما پەیوەستە بە هەبوونی بودجەی هەرێم و بڕی ئەو غازەی کە بۆمان دابین دەکرێت، ئەگەرچی پێدانی کارەبا بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو باشتر دەبێت.



خەبات پرسیاری ئەوەی لە ئومێد ئەحمەد بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم کرد سەبارەت بە پلانی وەزارەت بۆ پێدانی کارەبا لە وەرزی زستاندا چۆن دەبێت؟

لە وەڵامدا گوتی: ئەو پلانەی کە هەمانە لە ڕووی بەرهەم و چاکسازی و پێویستییەکان لە چاوەڕوانی ئەوەداین بودجەو داهاتی هەرێم چۆن دەبێ و بڕی چەند غاز بەرهەم دەهێنرێت و پێویستە حکوومەتی هەرێم ئاستی هەرێم و ئومێد هەیە بۆ زستانی ئەمساڵ پێدانی کارەبا بە هاووڵاتیان باشتر بێت لەچاو زستانی ساڵی ڕابردوو.

ئەو گوتیشی: ئەگەر غازی سروشتی زیاد بکات ئەوا کارەبای زیاتر بەرهەم دەهێنرێت جگە لەوەش ئەو پێداویستییانەی کە بۆ چاکسازی لە تۆڕی 132 کەی ڤی بۆ 33 و بۆ تۆڕی دابەشکردن لەگەڵ ئەو پارەیەی کە پێویستیەتی بە زووبی کار لەسەر ئەو بابەتە بکات ئەو کاتەش بەرهەمی کارەبا لەگەڵ ئەو خواستەی کە لەسەری هەیە دیراسەی دەکەین، ئەگەر حکومەتی هەرێم وەڵامی داواکاریەکەمان بداتەوە و پێداویستییەکانمان بۆ دابین بکات ئەوا بارودۆخی کارەبا باشتر دەبێت و بڕی کارەباش لە وەرزی زستاندا بۆ هاووڵاتیان زۆرتر دەبێ،لەئێستاشدا تێکڕا ئەگەر کێشەی غاز دروست نەبێت گرفتی دیکەمان نابێت، ئەگەرچی جارجار کێشە هەبووە، بەڵام تا ئێستا بڕی پێدانی کارەبا نزیک 22 کاتژمێرە لەسەر ئاراستەی سەرووی خۆمان کراوە، هەروەها ئەو بەرنامەیەی ئەنجوومەنی وەزیران لەبارەی سووتەمەنیەوە بڕیاری لەسەر داوە، ئەگەر هاتوو دابەشکردنی نەوت بەسەر هاووڵاتیاندا دەست پێ بکات ئەوا کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی خواست لەسەر بە کارهێنانی کارەبا بۆ خۆ گەرمکردنەوە دەبێت.

دەربارەی بەشێک لەو کۆمپانیایانەی کارەبا بۆ پارێزگاکانی هەرێم بەرهەم دێنن و کارەبا بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەفرۆشن ئومێد ئەحمەد گوتی: ئەو کۆمپانیایە وەبەرهێنەرە و ئازادە کارەبا چۆن دەفرۆشێت.

www.xebat.net
خەبات
سێ شەممە 2019/10/1 ژمارە (5839)



عەدنان فاخیر

سیناریۆیە (تراجیکۆمیدی)یەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست

وەستانی ملنلانێ وگەمەی سیاسی لەنێوان دەوڵەت و هێزو نەتەوەکان واتە حەتمیەتی هەلگیرسانی جەنگ...! گەمەی سیاسیش گەمەیەکی فرە ڕەهەندو فرە یاری زان... ساردو گەرم... بەردەوامیشە لە هەڵکشان و داکشان... هەریاریزانێکیش وێڵ و شەیدای ئامانجە تایبەتیەکەیەتی جیاوازە لەوانی ترو هەر یەکەشیان چاوەروانی قازانجن بەلام هەندێ جاریش ڕووبەرووی زیان و شکستی گەورە دەبنەوە.. هەر لەم پێوەندیەدا خوێندنەوەو شیکار کردنی دۆخی کوورە ئامێزی ڕۆژهەلاتی ناوەراست کە کوردستانیش بەشێکی دانەبراوە لێی دەرەنجامێکی مەودا نزیکی وامان ئەداتێ تیایدا سەرو قاچەکان یەکتری ناناسنەوە!. گومانیشی تێدا نیەکە ئەم شوێگە جیۆپۆلەتیکیە گیرۆدەی ژانی هەرەسهێنانی سیستەمی کۆن و لەدایکبوونی سیستەمێکی نوێیە و چەندین پرۆژەی سیاسی وئابووری وڵاتە ئقلیمی وئیمپراتۆرەکان هەرەسیان هێناوە بۆیە لە لایەکەوە هەر یەکەیان خەریکە جێگرەوەی پرۆژە کۆنەکانیان دادەرێژنەوە لەلایەکی ترەوە وڵاتە ئقلیمیەکان بە ناوی جەنگی دژی تیرۆرەوە خۆیان خستۆتە دۆخێکی ئامادە باشی جیاوازەوە لە ترسی ئەوەی نەوەک گۆران وقەیرانە سەختەکان ڕژێمەکانیان بکاتە ئامانج...لێکەوتەو دەرهاویشتەکانی ئەم دۆخە ناجێگیرە کەم یا زۆر هەرێمی کوردستانیشی گرتۆتەوە... گەرم و گوری کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و پێداگری خودی بەرێز کاک مەسرو بارزانی سەرۆکی حکومەت لەسەر چاک سازی و پلان و بەرنامەی نوێ لە هەموو بوارەکاندا تێکرای سوودمەندەکانی گەندەڵی هەراسان کردوە بەهەموو دەستەو گرووپ ولایەن وتەنانەت سوودمەندە ئەقلیمیەکیانیشی گرتۆتەوە. بۆیە بەشێوەی جۆراو جۆر کۆسپ و تەگەرە بۆ حکوومەت دروست دەکەن. وڵاتە ئیمپراتۆرە کۆن و نوێیەکانی دوورو نزیک کە خۆیان بە خاوەنی هات ونەهاتی ناوچەکە دەزانن بۆ ئەوەی درێژە بەو حاکمیەتەی رەهای خۆیان بدەن بەردەوام لە هەوڵدان تا گەلانی ناوچەکە بەتایبەتیش گەلی کورد برسی و هەژار بن پەرتەوازەو دژی یەکتر بن بنەماو دەسکەوتە مادی و مەعنەویەکانیان لەبار بەرن و لەبۆتەی نەتەوەکانی خۆیاندا بیان تاوێننەوە، لە پەنای دۆخێکی ئاواشدا قازانج و دەسکەوتەکانیان بدوورنەوەو بەویستی خۆیان شەن و کەوی خەرمانەکانیان بە ڕۆژاوا شەوبا هەڵاوێرد بکەن... لە ناویاندا خۆ پڕ چەک کردن و .. بەتاڵان بردنی نەوت و..هێور کردنەوەی قەیرانە ناوخۆییەکانیان...دواجار بەرامبەر کۆمەڵی نێو دەولەتی رووسووری خۆیان پیشان بدەن گوایە هەرئەوانن پارێزەری ئاشتی و ئارامی و هەرئەوانیشن شەری تیرۆر دەکەن بەڵام غافلن لەوەی کە گەلانی ناوچەکە ووشیارن ودەزانن کە ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان چیتر ستەمکاریەکەیان پێ داناپۆشرێت بۆ دۆست و دووژمنان دەرکەوتووە کەوا جیاوازیەکی زۆر لە نێوان گوتارو کردارەکانیان دا هەیە و هەموو پرۆژەکانیان تەواو لە یاری (سیرک) دەچن لەسەر شانۆ یاریەک پیشان ئەدرێ و بەرێوە دەبرێ لە پشت پەردەش یاریەکی ترو پلان وئامانجێکی ترە!!. سەرەنجام تێکرای ئەو هەموو سیناریۆ (تراجیکۆمیدی) یە کۆن و نوێیانەی بۆ دۆخە شلەژاوەکەی عیراق وسووریاو نا وچەکە دارێژراون بەشی هەرە گرنگ و سەرەکیان بۆ داپۆشینی بابەتێکی ریشەدارو هەڵگری ئامانجی قوولی نەتەوەیەکی 50ملیۆنی رەسەنی ناوچەکەیە کە نەتەوەی کوردە و سەدان ساڵە قوربانی بۆ ئەداو نەوە دوای نەوەش پێداگر و گەرم ترە لەسەر داوا رەواکانی و بەردەوامیش دەبێ.

داهاتووبینیەک بۆ ئەرک و مافی کارمەندیی



کاروان کەریخان

دوای سوک بوونی قەیرانە سیاسی و ئابوریەکانی باشوری کوردستان لە کەلێنی بڕیارەکانی چاکسازی، لە ناو کابینەی نۆیەمی خەڵکمەداردا بە مەبەستی باشتر ڕاپەڕاندنی کاروباری هاونیشتیمانیان کار و ئەرکەکانی کارمەند ڕێک دەخرێنەوە و دیاری دەکرێن. هەندێک لەو ئەرکانە بریتین لە ڕێکخستنەوەی کاتەکانی دەوام بە ڕێک و پێکی، لە جیاتی یەکتر دەوام نەکردن و نەچونە پرسە و بۆنە کۆمەڵایەتیەکان لە کاتی دەوامی ئاسایی، کە بە ڕاستی شتێکی زۆر لە جێ و بە جێیە.

ئەم بڕیارانە ئەگەرچی بە ڕواڵەت سادەن بەڵام کاریگەری زۆریان لە سەر بە فیڕۆ نەچوونی کات، پارە، هەراسان نەبوونی هاوڵاتیان، ڕێز گرتن لە مرۆڤ، پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و حکومەت و کەم کردنەوەی گەندەڵی هەیە. لە بەر گرینگی ئەم هەموو کاریگەرییە ئەرێنیە پێویستە ئەرکی کارمەندان زیاتریش بکرێت. بەو چاویلکەوە ئەگەر سەیر بکرێت و بمانەوێ فەرهەنگی کار کردن و سود وەرگرتن لە کات و وزە پتەو بکەین پێویستە کاتژمێری هاوینە و زستانە بۆ دەوامی ئاسایی دابنرێت، ڕۆژانی پشوو زۆر کەمتر بکرێنەوە و تەنانەت ڕۆژی شەممەش دەوامی ئاسایی حکومەت هەبێت و هەروەها کۆبونەوەکانی ئیداریش بکرێنە دوای نیوەڕۆ. هەروەها پێویستە یاسای دامەزراندن بە شێوەیەکی زۆر زانستی و بە پێی پێویستی ڕێک بخرێتەوە. بۆ وێنە کارمەندی نوێ ماوەیەک لە ژێر تێست و تاقی کردنەوەدابێ، واتا هیچ کەسێک یەکسەر دانەمەزرێ تاکو تاقی دەکرێتەوە و ئەرک و مافی یاسایی خۆی باشتر دەناسێت و چاکتر لە کار ڕابێت. واتا لە سەرەتادا دامەزرانی هەر کارمەندێک بە شێوەی کاتی و بەڵێنیی بێت تاکو خۆی دەسەلمێنێ و دەهەزمونرێ، دواتر ببێتە کارمەندی فەرمی. هەروەها پێویستە مەنشوری ڕەفتاری کارمەندان لە گەڵ هاوڵاتیان بنوسرێ و هاوڵاتی مافەکانی خۆی لە ڕاپەڕاندنی کار باشتر بناسێت و بتوانێ سکاڵا لە سەر شێوازی ڕەفتاری کارمەند تۆمار بکات. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئەو هاوڵاتیانە خەڵات بکرێن کە هەواڵی پۆخڵەواتی بەرپرس و کارمەندان بە دەزگای چاودێری یەخسپیان ڕادەگەیێنێ. بێ گومان ئەم چاکسازیە فەرهەنگی کار لە وڵات دێنێتە بار و وردە وردە کارمەندی بارِ و نالەبار لە بارتر دەبن و باری خزمەت باشتر بار دەکەن. لەم قۆناغەدا ئەوەی لە هەمو شت گرینگترە ئەوەیە کە بە مەبەستی دروست کردنی هەستی دەوڵەت- نەتەوە فەرهەنگی پێشمەرگایەتی فێری کارمەندان بکرێت. بە واتایەکی دیکە پێشمەرگایەتی شار بە نەفەسی شاخ دوبارە پێناسە بکرێتەوە و شێوازی پێشمەرگایەتی شار فێری کارمەندان بکرێت تاکو کار کردنی دروست ببێتە شتێکی خۆشەویست و پیرۆز. لە خوارترین ئاستی فەرمانگە و قوتابخانەکاندا زۆربەی پۆستەکان بە هەڵبژاردن بکرێت تاکو وردە وردە فەرهەنگی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی خاوێن و تەندروست جێ بکەوێ و بگەینە ئاستی شیاوناسی. یەکێک لە هەنگاوەکانی چاکسازی کار کردنە بۆ شێوازی کاری بەڕێوەبەریی لە داهاتوودا، بەڵام بەشێکی چاکسازی دەگەڕێتەوە بۆ کێشەکانی هەنوکەیی فەرمانگەکان. بۆیە پێویستە کابینەی نوێ گرفتەکانی ئێستایی فەرمانگە و کارمەندەکان تاووتوێ بکات، بە شێوەیەک کە ڕەچاوی کۆمەڵایەتی تێدا بێت بیر لە چارەسەریەکی مەعقول بکاتەوە؛ بۆ کاری داهاتوش بە دیدگای زانستی بەڕێوەبردن، یاسای لەبار، سود وەرگرتن لە وڵاتانی پێشکەوتوی هاوشێوەی ئێمە و ئەزمونی دەوڵەتی ئەلیکتیرۆنیک کار بکات. هەروەها پێویستە جەبری حکومەت بۆ دەوام کردن بە لێزانی و بە میکانیزمی باش و زانستیانە ئەنجام بدرێت و هەمو ڕەهەندەکان لە بەر چاو بگیرێت. بۆ وێنە ناکرێ دەوامی پڕ بە مامۆستای زانکۆ بکرێ و لە ژورێکدا دە زانا ڕاگیر بکرێن و لەبەر دەوامی زۆر و بێ بەرهەم لە کاری زانستی دوور بخرێنەوە؛ بەڵکو دەبێ مامۆستای زانکۆ کاری زانستی ڕاستەقینەی لێبکێشرێ بۆ ئەوەی وڵات بەرەو پێشەوە بچێ. ئەم نمەنەیە بۆ ئەوەیە کە لە هەر سێکتەرێکدا بە پێی پێویستی و بە ئامانجی پێشکەوتن میکانیزمی دەوام کردن دابڕێژینەوە.

وەک گوترا حکومەت بە هێزی کار و کارمەندانی لە بەرانبەر هاوڵاتیاندا بەرپرسیارە و دەبێ باشتر ئەرکەکانی خۆی بناسێ. لە بەرانبەردا بەو پێیەی کە کارمەندیش خۆی هاوڵاتیە و مافی زۆری هەن پێویستە مافەکانی کارمەند زیاتر لە بەر چاو بگیرێ. بێ گومان لە بەر چاو گرتنی ماف و ئیمتیازی کارمەندان خزمەت کردن بە هاوڵاتیانیش باشتر و خێراتر بەرەو پێش دەبات. بۆیە پێویستە حکومەتی کوردستان بە پێی توانای ئابوری و بودجەیی خۆی مافی زیاتر بداتە کارمەندان و مەزایا و ڕەفاهیەتی زیاتر بۆ کارمەند بسازێنێ. لە ڕاستیدا ئەو کەسەی دەبێتە کارمەندی حکومەت بێ گومان هەستیارترین کاتی تەمەن و بەسودترین دەمی ژیانی خۆی لە چواردیوارەی فەرمانگەدا بە سەر دەبات و ناتوانێ کات بۆ کاری دیکە دابنێ و ڕەنگە زۆر ئارەزوی خۆی لە پێناو کارمەندیدا بنخۆڵ بکات. بۆیە پێویستە حکومەت زیاتر گرینگیان پێبدات و بێ نیازیان بکات. لە گەڵ ئەوەی کە ئەرکەکانی کارمەند دیاری کراون بەڵام پێشکەوتنی کاری هاوڵاتیان و کاری دەوڵەتیی هەندێک مافی تایبەتی بۆ کارمەندان گەرەکە. واتا کارمەند لە بەرانبەری ئەو خزمەتەی کە پێشکەشی دەکات و ئەو تەمەنەی بۆ خزمەت کردن دایدەنێ پێویستە کۆمەڵە ئیمتیاز و مافێکی تایبەتی هەبێت. ئەم مافانە هەندێکیان مافی مادین و هەندێکیشیان مافی مەعنەوین. پێویستە ئەم مافانە بە یاسا و زانستی بەڕێوەبردن ڕێک بخرێن. لێرەدا ئەو ئاماژەیەش ڕەنگە خراپ نەبێ کە پێویستە پەرلەمانتاران بەدوای ئەم پرسانە بچن و لە پەرلەمان بە زمانێکی زانستی بە هاوکاری زانکۆکان کاری لە سەر بکەن. لێرەدا هەندێ پێشنیار ڕەنگە بۆ داهاتوی کارمەندان و بەڕێوەبردنی کارەکان بۆ حکومەتی کوردستان بە سود بێت. پێویستە هەر یەک لەم پێشنیارانە لە لایەن شارەزایانی بواری بەڕێوەبردن بە وردی کاری لە سەر بکرێت.

مافەکانی مەعنەوی

بەو پێیەی کە زۆرێک لە یاسا ڕەق و چەوتەکان کێشەیان بۆ کارمەندان دروست کردوە لە سەر بنەمای ئازادی و مافی مرۆڤ و گەشەسەندن پێداچونەوەیان بۆ بکرێت. واتا بە مەبەستی ئارامش و ئاسایشی دەرونی کارمەندان پێویستە یاسای خاوێن بۆ پاراستنی کارمەندان دابڕێژرێتەوە. پارێزبەندی تایبەت بۆ کارمەند دابنرێت تاکو کەسایەتی و کەرامەتی کارمەند هەمیشە پارێزراو بێت. هێزە ئەمنیەکان بە چاوی ڕێزەوە سەیری ناسنامە و کارتی کارمەندان بکەن و بەڕێزەوە لە گەڵ کارمەندان مامەڵەی یاسایی بکەن. کاری فەرهەنگی بکرێت تاکو خەڵک بە چاوی ڕێزەوە سەیری کارمەند و مامۆستا بکات. بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی زانست و فەرهەنگ ئاسانکاری بۆ خوێندنی کارمەندان بکرێت و پارەی خوێندنی کارمەندان و منداڵانی کارمەند لە لایەن حکومەت دابین بکرێت. هەلی خوێندنی شەوان و ئێواران و خوێندنی ئاکادیمی بۆ کارمەندان بڕەخسێ بۆ ئەوەی ئاستی کارمەند بچێتە سەر و کارمەندەکەش بتوانێ ئارەزوی پێشکەوتن و ئەنگیزەی کار لە ناو دەروونی خۆی دروست بکات، نەک خوێندن لە کارمەند ببێتە تابۆ و ڕەقەیاسا ڕێگر بێت لە خوێندن و بەرز بوونەوەی بڕوانامە و ئاستی کارمەند. سەفەری ناوخۆیی و دەرەکی بۆ کارمەندان و خانەوادەکەیان ساز بکرێت و کارگەی فێرکاری بەڕێوەبەری بۆ کارمەندان فەراهەم بکرێت. بە ئامانجی پێشکەوتنی کاری بەڕێوەبردن پێویستە دەیان ماف و ئیمتیازی مەعنەوی دیکە بە شێوەیەکی زانستی بۆ کارمەندان لە بەر چاو بگیرێت.

مافەکانی ماددی

بە مەبەستی بەشدانی کارمەندان و مامۆستایان پێویستە حکومەتی کوردستان بە هەر ڕێگایەک کار بکات بۆ ئەوەی کارمەندان بێ نەواز نەبن بەڵکو بێ نیاز بن. بێ نیازی کارمەندان حەزی خزمەت کردن زۆرتر دەکات و پێشبڕکێی باشتر بوون لە نێوان کارمەندان دروست دەکات و بەم شێوەیە تەور لە ڕیشەکانی گەندەڵیش دەدرێت. بۆیە پێویستە حکومەت هەندێ کار بکات بۆ ئەوەی تێچوی ژیانی کارمەندان بە جۆرێک نەبێت کە سەری مانگ هیچی بۆ نەمێنێتەوە یان نەتوانێ جگە لە نیازە سەرەکیەکان کاڵای لۆکس بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بە یاسای تایبەت بە مافی کارمەندانی میری ئەم پرسانە چارەسەر بکرێن. مافە مادیەکان دابەشی دو جۆری مافی مادی ڕاستەوخۆ و مافی ناڕاستەوخۆی مادی دەکرێن. مافە ڕاستەوخۆکان مووچە و مزەی مانگانە و پارەی کاتی خانەنشینی و یارمەتی لاوەکین. هەندێ مافی دیکەی مادی ناڕاستەوخۆ دەبنە هۆی یارمەتی مادی بۆ کارمەند. بۆ وێنە پێویستە بیمەی تایبەت بە کارمەندان و مامۆستایان دابنرێ؛ واتا کارمەندان جگە لە بیمەی گشتی هاوڵاتییێتی بیمەی تایبەتی کارمەندیشیان هەبێت و خانەوادەی کارمەند بتوانێ سود لە بیمەی کارمەند وەرگرێت. بیمەی کارەسات، بیمەی نەخۆشی، بیمەی سەفەر و ... بۆ کارمەند دروست بکرێت. کەرتی تایبەت بیمەی تایبەت بە کارمەندانی کەرتی تایبەت دابین بکات. لە شارە گەورەکان خانەی مانەوەی کارمەندان و هۆتێلی دەوڵەتیی تایبەت بە کارمەندان، خواردنگەی تایبەت بە کارمەندان بە نرخی کەم دابین بکرێت. حکومەت بە هاوکاری هەندێ مارکێت و کۆمپانیا داشکاندنی تایبەت بە کارمەندان لە بەر چاو بگرێت. واتا کارمەند بتوانێ لە شوێنی تایبەت پێداویستی سەرەتایی و سەرەکی خۆی بە نرخێکی کەمتر لە بازاڕی ڕەش بکرێت. جگە لەمە قەرزی بچوک و قەرزی گەورە بدرێتە کارمەندان و قەرزی خانو و هاوسەرگیری بدرێتە کارمەند و خانەوادەی کارمەندان.

کارمەندانی شوێنە دورەکان، ئەو شوێنانەی ئاو و هەوایان نالەبارە، زیاتر گرینگیان پێ بدرێت و مزەی زیاتریان پێ بدرێت. گرینگی بە هاتو و چۆی کارمەندان بدرێت و هەوڵ بدرێت نرخی هاتو چۆ بۆ کارمەندان کەمتر بێت. کارمەندانی خاوەن شەهید و پێشمەرگە و پەککەوتەکان ئیمتیازی مادی تایبەتتریان پێ بدرێت. ئەو کارمەندانەی کە سەروکاریان لە گەڵ مەوادی کیمیایی و ژەهراوی وەک نەفت هەیە ئیمتیاز و پارەی زیاتریان پێ بدرێت. کارمەندێک کە خاوەن منداڵە یان خاوەن کەسی پەککەوتەیە پارە و یارمەتی زیاتری پێبدرێت. ئەو خانەوادانەی تەنها یەک کارمەندیان هەیە زیاتر هاوکارییان بکرێت. ئەم مافانە لە کاتی خانەنشینیش ڕەچاو بکرێن. یارمەتی سەفەر، یارمەتی کاری زیادە، یارمەتی داهێنان، یارمەتی کاری مەترسیدار، یارمەتی وانە گوتنەوە، یارمەتی توێژینەوە، یارمەتی بۆ ئەوانەی پێشنیار و ئیدەی باش دەنوسن، بدرێت. یارمەتی ئەو کارمەندانە بدرێت کە دەستی هونەر و وەرزشیان هەیە و زمانی زیاتر دەزانن و دەتوانن لە کاتی زیادەدا خزمەتی وڵات بکەن. کارمەندی کاردروست پلەی بەرز بکرێتە و کاری قورستری پێ بسپێردرێت بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە حکومەتێکی شایستەسالار. ئەو مافانە کارمەندانی کەرتی تایبەتیش بگرێتەو؛ واتا حکومەت چاودێر بێت لە سەر مافی کارمەندانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و سەپاوەیەک بۆ کەرتی تایبەت دابنێت تاکو ئەم مافانە بداتە کارمەندانی خۆی. هەر یەک لەم مافانە دەبێ بە ورد بوونەوە و دواجار بە یاسا بە پێی کات و بودجەی ساڵانە بە بەرنامەی زانستی و ستراتیژی ژیرانە لە لایەن پسپۆڕان ڕێک بخرێت. جگە لەوەی کە حکومەتی کوردستان بۆ بەرەو پێش چوونی کاری بەڕێوەبردن دەبێ بیر لە شێوازی بروکراسی و فەرهەنگی کار و دابین کردنی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و کارمەندان بکاتەوە، پێویستە لە کانالی حکومەتداری و بەڕێوەبردن شایستەیی خۆی لە ناوچەکەدا بە شانازیەوە نیمایش بدات و دیموکراسی و بروکراسی سەرکەوتووی خۆی بکاتە نمونەی لێهاتویی خۆی تاکو بتوانێ ویژدانی خەوتووی جیهان بۆ مافی کوردان وەخەبەر بێنێ و بەم ڕێگەیە بەرەو ئامانج هەنگاو بنێ.





هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



11

مانفیەروەر: جەواد مستەفا ستۆیەیی

چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا:

بەگشتی دەستووری وڵاتانی فیدراڵی میکانیزمی جیاوازیان هەیە بۆ دابەش کردنی دەسەلاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا کە هەر وڵاتێک بە یەکێک لەم سێ ڕێگایانەی خوارەوە دیاری دەکرێن:

ڕێگای یەکەم: بەپێی ئەم ڕێگایە دەستووری فیدراڵی دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاری دەکات و ئەو دەسەلاتانەی دەمێننەوە تایبەت دەبێت بە دەوڵەتی فیدراڵی، کەواتە پسپۆرییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی پسپۆری گشتین و پسپۆرییەکانی هەرێمەکان پسپۆری ڕیزبەر (استثنائی)ین. بەپێی ئەم ڕێگایە دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدراڵی فراوان دەبێت و دەسەلاتی هەرێمەکانیش بەرتەسک و بە دیاریکراوی دەمێننەوە، کەواتە ئەو پسپۆرییانەی لە ئایندەدا دروست دەبن تایبەت دەبێت بە حکومەتی فیدراڵی. ئەم ڕێگایە لە ڕووی پراکتیکیەوە زور پەسەند نییە و زۆریش کەم پەیڕەو دەکرێت، چونکە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی ئەم ڕێگایە دەکەن دەتوانن بە ئاسانی دەسەلاتەکان بقۆزنەوە و وڵاتەکەیان لە فیدراڵییەوە بیگۆڕن بۆ دەوڵەتی مەرکەزی، بۆ نمونە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی ئەم ڕێگایەیان کردووە وەک فەنزویلا لە دەستووری 1953 و کەنەدا لە دەستووری 1867.

ڕێگای دووەم: بەپێی ئەم ڕێگایە دەستووری فیدراڵی دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاری دەکات و ئەو دەسەلاتانەی دەمێننەوە تایبەت دەبێت بە دەوڵەتی فیدراڵی، کەواتە پسپۆرییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی پسپۆری گشتین و پسپۆرییەکانی هەرێمەکان پسپۆری ڕیزبەر (استثنائی)ین. بەپێی ئەم ڕێگایە دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدراڵی فراوان دەبێت و دەسەلاتی هەرێمەکانیش بەرتەسک و بە دیاریکراوی دەمێننەوە، کەواتە ئەو پسپۆرییانەی لە ئایندەدا دروست دەبن تایبەت دەبێت بە حکومەتی فیدراڵی. ئەم ڕێگایە لە ڕووی پراکتیکیەوە زور پەسەند نییە و زۆریش کەم پەیڕەو دەکرێت، چونکە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی ئەم ڕێگایە دەکەن دەتوانن بە ئاسانی دەسەلاتەکان بقۆزنەوە و وڵاتەکەیان لە فیدراڵییەوە بیگۆڕن بۆ دەوڵەتی مەرکەزی، بۆ نمونە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی ئەم ڕێگایەیان کردووە وەک فەنزویلا لە دەستووری 1953 و کەنەدا لە دەستووری 1867.

ڕێگای سێیەم: بەپێی ئەم ڕێگایە پێویستە دەستووری فیدراڵی بە شێوەیەکی دیاریکراو پسپۆرییەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان دیاری بکات.

ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی باش نییە و سوودی زۆریشی نییە، چونکە دەستووری فیدراڵی هەرچەند بە درێژی بنوسرێتەوە ناتوانێت باس لە هەموو کاروبارەکان بکات و بە تێپەڕبوونی کات کێشەی نوێ دروست دەبن کە دەستوور باسیان نەکردووە، ئایا ئەم کێشانە تایبەت بە پسپۆری حکومەتی فیدراڵی یان هەرێمەکان دەبێت. بۆیە لەم حالەتەدا یاسادانەر بەردەوام هەوڵی هەموار کردنی دەستوور دەدات.

دەستووری هەندێک وڵات ئەم سێ ڕێگایە تێکەڵ بەیەکتر دەکەن وەک هیند و سودان و مالیزیا. بەڵام لە کۆتایدا دەڵێم ڕێگای دووەم کە پسپۆرییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی دیاریکراو بێت و پسپۆرییەکانی هەرێمەکان لە گشتی بن لە پراکتیکدا کاریگەرتر و باشتر و دەستووری فیدراڵی عێراقیش پەیڕەوی ڕێگای دووەمی کردووە و هەرێمی کوردستانیش زور سوودمەند بووە.

نەبوونی توانای هەرێمەکان لە پوچەڵ کردنەوەی یاساکانی دەوڵەتی فیدراڵی و جیابوونەوە:

سەرەتا پرسیارێکی سەرەکی بومان دروست دەبێت، ئایا هەر هەرێمێک لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەتوانێت بریارەکانی فیدراڵی پوچەڵ بکاتەوە (Nullification) یاخود تاک لایەنە داوای جیابوونەوە بکات (Secession) .ئەم پرسیارە زاناکانی بواری یاسای دەستووریان دابەش کردووە بو دوو بوچوونی جیاواز، هەندێکیان پێیان وایە کە دەکرێت هەرێمەکان یاساکانی فیدراڵی پوچەڵ بکەنەوە وەک (جون کالهون)، چونکە ئەو پێی وابوو حکومەتی فیدراڵی وەکیلی هەرێمەکانە، واتە حکومەتی هەرێمەکان دەتوانن هەز یاسایەک ڕەت بکەنەوە کە لە لایەن وەکیلەکەیانەوە دەردەچێت و خۆیان ڕەزامەندنین لەسەری، خاوەنی ئەم ڕایە پشت بەم بەڵگانەی خوارەوە دەبەستن:

یەکگرتن واتە (اتحاد فیدراڵی) بریتییە لە ڕێکەوتن لە نێوان دوو لایەنی دەوڵەتی یەکسان.

حکومەتی فیدراڵی بە هۆی حکومەتە هەرێمیەکانەوە دروست بووە کە وەکالەتیان دەکات لە جێبەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتنەی کە لە دەستووری فیدراڵیدا هاتووە.

هەر کاتێ کاری وەکیل لە وەکالەتەکەی دەرچوو ئەم کارە پوچەڵە و هیچ بەهایەکی نییە.

هەر حکومەتێت بوی هەیە بریاری خۆی بدات کاتێ کە هەر کارێک لە پسپۆری فیدراڵی دەرچێت.

لە ڕووی پراکتیکیەوە دروست بوونی کێشە لە نێوان ویلایەتی کارولینای باشوور لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 1832 ئەم هەرێمە ویستی هەندێک لە یاساکانی فیدراڵی پوچەڵ بکاتەوە، دواتریش ئەم ویلایەتە لە ساڵی 1861 لە سەر کێشەی کۆیلەکان ویستیان بە یەکجارەکی لە ئەمریکا جیا ببێتەوە، بەڵام لە دوای ڕوودانی شەڕێکی چوار ساڵە لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا، لە ئەنجامدا حکومەتی فیدراڵی توانی شکست بە پرۆژەی ئەم ویلایەتە بێنێت و لە ساڵی 1868 دادگای باڵا بەپێی دەستوور بریاری یەکلاکەرەوەیدا و لە بریارەکەدا هاتووە دەڵێت: (دەوڵەتی فیدراڵی دابەش ناکرێت کە پێکدێت لە ویلایەتەکان و توانای دابەش بونیان نییە).

هەروەها ویلایەتێکی ئوستراڵیای ڕۆژئاوا لە ساڵی 1934 داوایان لە پەرلەمانی بەریتانیا کرد کە یاسایەک دەر بکات تێدا بریار بدات لە کۆمۆنوێلسی ئوسترالیا جیا ببنەوە، بەڵام ئەم داواکارییە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە لێژنەی تایبەت بە ئەنجومەنی لوردەکان و ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا بریاریاندا بەپێی ڕێکەوتنی دەستووری پەرلەمان مافی ئەوەمان نییە بریار لەسەر کێشەیەکی لەم شێوەیە بدەین.

لە دەستووری یەکێتی سۆڤیەتدا بریار لەسەر ئەم بنەمایەدراوە، بەڵام ئەم وڵاتە ئامادە نەبوو چیچان لێی جیا ببێتەوە، بەڵکو بە هۆی هێزی چەکداری دەست تێوەردانی کرد و لە دوای شەڕێکی خوێناوی چەند ساڵە و خەسارەتێکی زوری گیانی و مادی توانی شکست بە داواکارییەکەیان بێنێت و تا کوتایش ڕوسیا هەر لەسەر هەلوێستی خۆی بەردەوام بوو. زانای بەناوبانگ (وێبەر) لەو بروایە دابوو کە پوچەل کردنەوەی (Nullification) یاساکانی حکومەتی فیدراڵی لە لایەن هەرێمەکانەوە لە بنەمای فیدراڵیدا لەگەڵ بنەمای سەروەری ناگونجێت، بەڵام جیابوونەوە (Secession) لە بنەمای دەوڵەتی فیدراڵیدایە کە دەڵێت: (بوونی جیابوونەوە بە بریاری یەکلایەنەیان دەرکردن بە بریاری یەکلایەنە گونجاوە لە حومەتی فیدراڵیدا، چونکە ئەو لەو بروایەدابوو باری پێشوو گونجاو نییە لەگەڵ حکومەتی نوێ فیدراڵی).

پێویست بوو لە دەستووری فیدراڵی عێراقدا ئەم مافە بە هەرێمەکان بدات کە هەرێم مافی جیابوونەوەی هەبێت بەتایبەتی لەو کاتەی پێشێلی دەستوور دەکرێت لەلایەن وڵاتی فیدراڵییەوە.



ڕێفراندۆم و کۆبوونەوەی ساڵانەی (کۆمەڵەی گشتی) نەتەوە یەکگرتووەکان هاوەدەم بوون

ساڵح میران گەردی

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، بەمەبەستی هەماهەنگی و دەستەبەرکردن و گرەنتی دووبارە نەبوونەوەی شەڕێکی تری هاوشێوەی شەڕی دووەمی جیهانی و کرانەوە و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی وڵاتان، دەوڵەتە زلهێزو فیۆدالەکانی ئەو سەردەم و ئێستا بیریان لە دروستکردنی ڕێکخراوێکی گشتگیری جیهانی کردەوە کە لەڕووی قەبارە و پێگەوە، بەگەورەترین ڕێکخراوی جیهانی دەناسرێ کە مەبەست لێی ڕێکخستنەوەی و بنیاتنانەوەی پەیکەربەندی گەل و نەتەوەکان بێ کە لەئەنجامی جەنگدا لەناوچووبوون یاخود تەواو شێوێندرابوون،بۆ ئەم مەبەستە لە 24ی ئۆکتۆبەری 1945هەستان بەدروستکردنی ڕێکخراوێک بەناوی (نەتەوە یەکگرتووەکان) "الامم المتحده" UNITED NATIONS.

نەخشەڕێگایەک یاخود نەهج و پەیڕەوێک بۆ شێواز و چۆنیەتی کارکردنی ئەم ڕێکخراوە دانرا، کە لەچەندان ماددە و بڕگە پێکدێت بۆ کۆی پرسەکانی جیهان بەگشتی، کە مەبەست لێی چارەسەر و بەدەنگەوەهاتنی کۆی کێشەکان بێ، گەر وردبینییەک بۆ پێکهاتە و هەیکەلی ئەم ڕێکخراوە بکەین، دەبینین لە چەندان بەش پێکدێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بەشێکی سەرەکییەتی بەناوی "کۆمەڵەی گشتی"، ئەم کۆمەڵەیە سالانە لەکۆتاییەکانی مانگی سێیەتمبەردا ، سەرۆک و پادشا و سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتانی ئەندام لەبارەگای گشتیی ڕێکخراوەکە لە شاری نیۆیۆرک کۆدەبنەوە بۆ باسکردن لە کێشە و گرفتە سیاسی و ئابووریەکانی جیهان بەگشتی و دانانی مکانیزمێکی هاوبەشی کارکردنی تازە بۆ ساڵی نوێ.

گەر بگەڕێینەوە بۆ میژوو ئاشکرایە کە ئەم ڕێکخراوە نەیتوانیوە بەو مەهامە و ڕۆڵەی کە بۆی دیاریکراوە هەڵبستێ و بەبێ لایەنگری ئەدای ئەرکەکانی بکا ، چونکە هەر لەسەرەتاوە پێنج زلهێزەکەی جیهان (ئەمریکا ، ڕوسیا ، بەریتانیا ، فەرەنسا وچین) بەچەند سەفەقاتێکی ژێرەژێر لەناوخۆیان توانیویانە ئەم ڕێکخراوە بخەنە ژێر هەژموونی خۆیان و تەحەکومی پێبکەن، ڕۆڵێکی کاریگەریی ئەوتۆ بۆ دەوڵەتانی تری ئەندام نەهێڵراوەتەوە و توانیویانە ئەو مافە بەخۆیان بدەن کە لەهەر پرس و کێشەیەک کە ڕووبەڕووی دەوڵەتێک یاخود هەرێمێک ببێتەوە، کە ویست و ئیرادەی چارەسەری بۆ کێشەکە لەلایەن خودی ڕێکخراوەکە هەبێ، بەڵام لەهەمان کاتدا چارەسەرییەکە هاوتەریب و یەکانگیرنەبێ لەگەڵ بەرژەوەندی و سیاسەتی کارکردنی یەکێک لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە، بێ هیچ سڵکردنەوە و دوودڵییەک، ڕەوایەتی بەخۆی دەدا و قیتۆی بریارەکە دەکا، هەرئەمەش ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ دڕووستبوون و سەرهەڵدان و بەهێزبوونی چەندان ڕژێمی تۆتالیتاری لەجیهاندا کە بە هەموو شێوازێکی تووندوتیژی و دژایەتی و بەرەنگاری نەتەوە ئازادیخوازەکان ببنەوە، بەهۆی بیری توندی ناسیۆنالیستییان ڕێگا بەهیچ لایەکی دیکە نەدەن بیر لەماف و ئازادیەکانیان بکەنەوە. بۆیە ڕێککخراوەکە هەر لەسەرەتایی دامەزراندنییەوە کەوتە بەر ڕەخنەی زۆرینەی دەوڵەتانی جیهان، کە ئاخۆ مەبەستی ئامانج و خزمەتە بۆ گشت میللەتان بەبێ جیاوازی نەتەوەیی، ئایینی، ڕەگەزی یاخود تەنها ئامانج خزمەتکردنە بە نوخبەیەکی زلهێز، یەکێک لە ماددەکانی پەیڕەوی ڕێکخراوەکە ئەوەیە ،کە گشت میللەت و نەتەوەکان ئازادن بڕیار لە ماف و چارەنوسی خۆیان بدەن و مومارسەی ئەم مافە بکەن! بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر گرینگی ئەم ماددەیە، هەر خودی کۆمەڵەکە ماف دەدا بە هەموو نەتەوەیەک بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنووسی خۆی و چەندین جاریش بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی، هەموارکراوەتەوە، لە ساڵی 1960 کۆمەڵەی گشتی UN بڕیاریدا کە هەموو گەلان مافیان هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، لە هەموارکردنەوەیەکدا لەساڵی 1964 بڕگەیەکی تری بۆ زیادکرا کە ماف دەدا بە میللەتانی ژێردەست ئەگەر گوێیان لێنەگیرا و دژایەتییان کرا، خەباتی چەکداری بکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان ؟! دواتر لە هەموارکردنەوەیەکی تردا لە 1970 بڕیاریدا هیچ دەوڵەتێک بۆی نییە، بەهەڵگیرساندنی جەنگ یاخود هێزی سەربازی دژی نەتەوەیەکی تری ناو دەوڵەتەکەی بوەستێتەوە، کە ئاڕەزوومەندانە داوای ئەم مافە سروشتی و یاساییەی بکا.

بۆیە کە کوردستانیان هاوەدەم لەگەڵ کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتی (کە بەڕووکەش و ڕواڵەت باسی مافی میللەتانی بەشخوراو و ئازادیخوازان دەکەن) ئەم بڕیارەیاندا، سەرەڕای ماف و هەقێکی مەشروعی نەتەوەیەکی چەوساوە و بەشخوراو کە هەموو کێشەکەی بریتییە لەوەی وەک هەموو گەلان خاوەن کیان و دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، بەهەموو جۆرێک بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافەی قوربانی بەخۆی داوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بڕیار لەئایندە و چارەنووسی خۆیی بدا (دواجار لەشەڕی داسەپاوی داعشدا، نزیکەی 15هەزار پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون، قەڵەمڕەوی گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهانیان لەگۆڕنا) ، دڵنیاش بووین کەگشت یاساکانی تایبەت بەم بارە لە بەرژەوەندیاندان، هەربۆیە بڕیاری سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و جەنابی سەرۆک بۆ دیاریکردنی ئەم ڕۆژە لەم کاتەدا ئەوەبوو، پەیامێک بدەن بەو وڵاتانەی کە بانگەشەی پشتگیری لە هێزە لیبراڵ و دیموکراتخواز و میانڕەوەکان دەکەن، کە هەرهیچ نەبێ خاوەنی ئەو بەڵێن و گفتانە بن کە لەچوارچێوەی چەندین یاسا لەم بارەدا دۆکیۆمێنت کراون و بەردەوام دووپات دەکرێنەوە، میللەتان فریو دەدەن، بەڵام بەهۆی ئەو بەرژەوەندییە ئابووری و سەرمایەدارییەی کە ئێستا جیهان تێیدا گوزەر دەکا، ڕێکخراوەکەش ژێر بەژێر بەچەندین سەفەقاتی پلان بۆ داڕێژراو، نەک هەر پشتگیرییان نەکردین، بەڵکو ئەو مافەیان پێ ڕەوانە دیتین و نەیانتوانی یاساکانیان کە تەنها مەڕەکەبی سەر کاغەزن بخەنە خزمەتی مرۆڤایەتی و ئازادی میللەتان، دواجار بڕیارە میژوویەکە درا، کوردستانیان وەک هەمیشە بەوپەڕی متمانە بەخۆبوون، هەڵوێست و تێنوێتی سەربەخۆییان پیشانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، دڵنیام ئالای پیرۆزی کوردستان، وەک دەوڵەتێکی تازە، لە بارەگایی ڕێکخراوەکە هەڵئەدرێ و ئەبێ ئەوانیش هەسمی ئەم گۆڕانکارییە نوێیانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بکەن و پەسندی بکەن.



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

سەرکردایەتییەکی حەکیمانە و ئایندەیەکی پڕ ئومێد بۆ کوردستان

ئەڵمانیای رۆژئاوا چووە ریزی پەیمانی باکووری ئەتلەسی .



ساڵی 1986:
کەسێکی سیخ هەوڵی تیرۆرکردنی راجیف غاندی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی هیندی دا .



ساڵی 2002:
جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا و کۆنگرێسی وڵات سەبارەت بە هێرشکردنە سەر عێراق رێککەوتن.



ساڵی 2013:
وڵاتی گامبیا لە کۆمنوێلس کشایەوە .



ساڵی 2018:
جەمال خاشقچی نووسەری سعودی لە کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە ئەستەنبوڵ دیار نەما .

سیاشین..
بەرزترین ناوچەی جەنگ لە جیهاندا



سیاشین و ژیانی سەربازیی ناوچەکە، کە لە ساڵی 1984-2003دا بووە گۆڕەپانی پێکدادانی نێوان پاکستان و هیندستان و، بەوهۆیەوە وەک "باڵاترین ناوچەی جەنگ لە جیهان" ناوزەندکرا کە خاوەنی چەندین لووتکەیە کە بەرزییەکانیان هەشت هەزار مەتری تێپەڕاندووە.

.ناوچەی سێ گۆشەی پاکستان، هیندستان و چین لەو شاخانە پێکهاتووە کە بە تەواو بەستەڵەکن و بە بەفر داپۆشراون، بەستەڵەکی سیاشین کە یەک پارچەیە و ڕووبەرەکەی 70 کیلۆمەتر چوارگۆشەی تێپەڕاندووە و پاش جەمسەرەکان سێیەم گەورەترین بەستەڵەکە لە جیهاندا، بەو هۆیەوە بە "سێیەم جەمسەر "ناوزەند دەکرێت.لە ناوچەکەدا لە پاڵ بەستەڵەکی سیاشین، بەستەڵەکی بالتۆرۆ هەیە کە ڕووبەرەکەی 62 کیلۆمەترچوارگۆشەیە. بەهۆی ئەوەی ئەم بەستەڵەکە لە کۆی 25 بەرزترین لووتکە کە لە جیهان هەن بە حەوت لووتکەیان دەورە دراوە، لە سەرتاسەری جیهانەوە شاخەوان و سروشت دۆستان ڕووی تێدەکەن.

بەهۆی ئەوەی بەستەڵەکەکان سەرچاوەی ڕووبارەکانی پاکستانە بەتایبەتی ئیدوس کە بە شادەماری ئەو وڵاتە دادەنرێت، بەڵای پاکستانەوە گرنگیی زۆری پێدەدرێت، هەروەها بەهۆی ئەوەی چین و پاکستان بەیەکەوە دەبەستێنەوە گرنگیی ستراتیجی هەیە.بەهۆی ئەوەی بەستەڵەکەکان دریژکراوەی کێشمیری جێ ناکۆکە، پاکستان و هیندستان هەر یەکەیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مافی خۆیانە.کاتێک سوپای هەردوو وڵات داوای کرپنی پێداویستی سەربازییان لە هەمان کۆمپانیا کرد، جەنگ سەریهەڵدابە پێی ڕێککەوتنی ساڵی 1949کە هێڵی کۆنترۆڵی کێشمیر لەنێوان هەردوو وڵات دانرا، کاتێ بالادەستی بەسەر بەستەڵەکەکاندا لە هێڵی کۆنترۆڵەوە بەرەو باکوور ڕاگەیەندرا، هەردوو وڵات لێکدانەوەی جیایان بۆ هێڵەکە کرد.لە کاتێکدا هیندستان باس لەوە دەکات کە بەستەڵەکی سیاشین لە سنووری خۆیدا دەمێنێتەوە و، پێویستە هێڵەکە بەدرێژایی چیاکان دریژبێتەوە و بەرەو باکوور بچێت، پاکستان باس لەوە دەکات کە بەستەڵەکەکە سەر بە پاکستان دەبێت و پێویستە بە دریژایی پردی کاراکورم دریژبێتەوە.بەهۆی ڕێکنەکەوتنیان لەسەر ئەو بابەتە، هەر دوو وڵات بڕیاریاندا بە ناردنی سەرباز بۆ ئەو ناوچانە کە تا ساڵی 1984 سەربازی لێ نەبوو.

سوپای هیندستان کاتێک زانی سوپای پاکستان داوای پێداویستی لەو کۆمپانیا بەریتانییە کردووە کە لە هەلومەرجی زستاندا بەکارددەهێنرێت، دەستی بە یەکەم ئۆپەراسیۆن کرد.بەهۆی بەڕێەچدانەوە ئەو هەڵمەتەی سوپای هیندستان لە لایەن سوپای پاکستانەوە، لەو ناوچەیەی کە بە «چەتری جیهان» ناسرابوو جەنگێکی ڕانەگەیەندراو سەریهەڵدا.لە ئەنجامی ئەو جەنگە هیندستان دوو لەسەر سێی بەستەڵەکی سیاشین-ی کۆنترۆڵکرد و، بەستەڵەکی بالتۆرۆ بە تەواوی کەوتە دەست پاکستان. دوای جەنگی سیاشین زۆرێک لە لووتکەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی سوپای پاکستان. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەردوو وڵات سەرباز ڕەوانەی ئەو ناوچانە دەکەن کە کۆنترۆڵیان کردووە و خاڵی سەربازیی دادەنێن.

بۆ یەکەمجار سوپای پاکستان دەرگاکانی بنکە سەربازییەکان و ژیانی سەربازیی لە سیاشین بەڕووی ئاژانسی ئانادۆلودا کردەوە. بەڕێوەبەری پەخشی زمانە جیهانییەکانی ئاژانسی ئانادۆلو، مەهمەت ئۆزتورک و پەیامنێرانی ئاژانسەکە لە ئیسلام ئاباد، بەهلول چەتینکایا و ئیسلامودین ساجید بوونە یەکەم نوێنەری میدیای بیانی کە ژیانی سەربازیی ناوچەی سیاشین-یان وێنە گرت.سەکۆی هێلیکۆپتەر لە شاری سکاردو ویلایەتی جیلیت-بالتیستان لە باکووری پاکستان ئەو هێلیکۆپتەرانەی تێدا جێگیرکراوە کە بۆ گەیشتن بە ناوچەی سیاشین بەکارددەهێنرێن و، دەرمان، خواردن، پێداویستی سەربازیی و پێداویستی دیکە بۆ ناوچەکە دەگوازنەوە.هێلیکۆپتەرەکان بەسەر ئەو چیایانەدا دەفڕن کە هەزاران مەتر بەرزن، لەگەڵ ئەو دۆڵانەی بە تەواوی بەستەڵەکن. ئەو فڕۆکەوانانەی لێرەدا دەفڕن بە بێترسی 5 ناسراون. فڕۆکەوانەکان دەڵێن "تەنیا ئێمە بەسەر ئەم بەرزاییانەدا دەفڕین. هەروەها لە بناری چیاکاندا کرێکارانی کانەکان لەو تونێلانەی بە دەست هەڵیان کەندوون بەدوای بەردی بەنرخدا دەگەڕێن.

لەم شوێنەوە فڕینی نیو کاتژمێری بۆ ئەو لووتکانە دەستپێدەکات کە سوپای پاکستان کۆنترۆڵی کردوون لەگەڵ بنکە سەربازییەکان، لەو شوێنانەدا کە بەرزییەکانیان لەنێوان نزیکەی سێ هەزار مەتر بۆ شەش هەزار مەتر دەبن دەیان بنکەی سەربازیی لەم بنکە سەربازیی و خاڵە چاودێریانەدا ئەرکیان هەیە بە ئۆتۆمبێل لە سکاردو-وە بۆ بەستەڵەکەکانی بالتۆرۆ و سیاشین تا دووایین گوند دەچن کە پێنج کاتژمێر ڕێگەیە، لەوێشەوە بە پێ ڕێدەکەن.سەربازان بۆ ماوەی زیاد لە مانگێک بەپێ دەڕۆن بۆ ئەو بنکە سەربازیانەی لە بەرزترین شوێنەندان کە تیایاندایە شەش هەزار مەتر بەرزە. هۆکاری ئەوەش گۆڕینی کەش و هەوا و ڕاهاتن لەگەڵ ئاستی ئۆکسجینە.

سەربازان بە درێژایی ڕێگاکە لە هەر بنکەیەک بۆ ماوەی ڕۆژێک بۆ پێنج ڕۆژ دەمێننەوە و هەوڵ دەدەن جەستەیان لەگەڵ کەش و هەوا ڕابهێنن.لە نێو بنکە سەربازیەکاندا کە بە بەردی دینا یان پریفابریکی گڵیی کراوە کە پێی دەڵێن "ئیگلۆ "و دوو کەسییە، لە هەمووپاندا لانی کەم بزیشکێکی سەرباز و سەدان بتڵ ئۆکسجین هەیە. هەروەها لەو هێلیکۆپتەرانەی سەربازان پێی دەگەنە ئەو شوێنە هەم بۆ فڕۆکەوانان هەمیش بۆ سەربازان بتڵی ئۆکسجین هەیە.لە کاتێکدا وزەی بنکە سەربازییەکان لە پانیلی تیشکی خۆرەوە دەستدەخرێت، ئاویش لە توانەوەی بەفر. بەهۆی ئاستی ئۆکسجینەوە چەرخ لە بنکە سەربازییەکاندا کار ناکات، لەبەرئەوە بە کەریت ئاگر دەکرێتەوە و غاز بەکاردەهێنرێت بۆ خواردن دروستکردن.بۆ ئەوەی سەربازان و سەردانکەران دووچاری ڕەقبوونەوە، سەرئێشە، ئازاری جەستە و کێشەی سییەکان نەبنەوە، دەبێت ڕۆژانە لانی کەم 15 پەرداخ ئاو بخۆنەوە. بەتایبەتی سەربازان پێش ئەوەی ڕەوانەی ئەم ناوچەیە بکرێن پشکنینی پزیشکیان بۆ دەکرێت و هیمۆگلۆبینیان دەپێورێت. ئەو سەربازانەی خوێنیان ڕوون و باشە خێرا دەنێردرێن بۆ سەر ئەرکەکانیان، ئەوانەشیان خوێنیان خەستە دەست بە وەرگرتنی چارەسەر دەکەن.

هەموو سەربازێک لە سوپای پاکستاندا پێویستە بەدرێژایی ئەرکەکەی لانی کەم بۆ جارێک 21 بۆ 30ڕۆژ لەو ناوچەیە ئەرک وەربگرێت، کاتەکەی دیکەشی لەو بنکە سەربازییانەی کە شەش هەزار مەتر تێدەپەڕێنن و ناوی سادلە، یوسف و ئیبراهیم-یان لێنراوە ئەرکەکەنیان بە جێدەگەیەنن.سەربازان تێکڕا نزیکەی دوو ساڵ لە بنکە سەربازییە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی سیاشین ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن.

سوپای پاکستان جلوبەرگی گونجاو لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکە، لەگەڵ چەک، خۆراک، دەرمان و پێداویستیەکانی دیکە بۆ سەربازان دەستەبەر دەکات. وەک چۆن ئەو پێداویستیانە لەگەڵ دەست بەکاربوونی سەربازەکە دابین دەکرێت، چەند ڕۆژێکی هەفتەش بە هێلیکۆپتەر بۆیان بەردەدرێتەوە.لەو ڕۆژانەی تیمی ئاژانسی ئانادۆلو سەردانی ناوچەکەی کرد، پلەی گەرما بە ڕۆژ پێنج بۆ 10 پلە بوو، بە شەویش تاخوار پێنج پلەی سەدی دادەبەزی.ئەو سەربازانەی لە ناوچەکەدا ئەرکەکەنیان ڕادەپەڕێنن بۆ ئاژانسی ئانادۆلو دووان و، باسیان لەوە کرد کە لە زستاندا بینیویانە پلەی گەرما تا خوار 50 پلەی سەدی دابەزیوە و، بەهۆی بەفر و جۆرەکانیەوە بنکە سەربازییەکان و شوێنی نیشتنەوەی هێلیکۆپتەرەکانیان بە بەفر داپۆشراوە.سەربازان باسیان لەوە کرد کە نەخۆشیەکانی وەرزی زستان زیادی کردووە، بەهۆی بەفر و جۆرەکانییەوە ئەو هێلیکۆپتەرانەی لە هەفتەیەکدا چەند ڕۆژێک دەهاتن هەندێ جار 20 ڕۆژ نەهاتوون، بەو هۆیەشەوە نەخۆشەکانیان گیانیان لەدەستداوە. هەروەها سەربازان ئامادەیان بەوە کرد کە بەهۆی داپۆشینی ئەو درزانە بە بەفر کە بەتایبەتی لە سەر بەستەڵەکەکان دروست دەبێت کە ناوی "کریڤاس"یان لێناون ناوچەکە مەترسیدارتر بووە، ئەوانەی بەسەریدا دەڕۆن کاتێ پێی پیادا دەنێن ڕەنگە یەکەونە چاڵی سەدان مەت قووڵەوە، چەندین سەرباز بەو شێوەیە گیانیان لەدەستداوە. لەبەرئەوە سەربازان لە ڕێکردنی دوورودرێژدا بە یەک ڕیز ڕێ دەکەن و، بە گوریس بەیەکەوە بەستراون، هەرکەسێکیان بکەوێت لە لایەن ئەوانی دیکەوە ڕزگار دەکرێت.بە پێی زانیاری ئەو بەرپرسانەی سوپای پاکستان کە یاوەری تیمی ئاژانسی ئانادۆلویان دەکرد، باسیان لەوە کرد کە لە جەنگەکەی ساڵی 1984ەوە نزیکەی لە سەدا 70 ئەو سەربازانەی لە ناوچەکەدا گیانیان لەدەستداوە بەهۆی کەشوهەوای نالەبار ناوچەکەوە بووە. تەنیا پاکستان لە ماوەی 35 ساڵدا لە کۆی 470 سەربازی کە لە ناوچەکە گیانیان لەدەستداوە 140یان بەهۆی ئەو هەرەسی بەفرانەوە بووە کە لە سەر بنکەی گیاری کەوتووە، هەروەها زیاد لە 100 سەربازیش بەهۆی کەوتنە ناو درزی بەفرەوە گیانیان لەدەستداوە.بنکەی سەربازیی گیاری لەسەر ئەو ڕێگەیەیە کە بۆ چوون بۆ زۆرێک لە بنکەکانی ناوچەکە بەکاردەهێنرێت، بە بەراورد بە بنکەکانی دیکە کەشوهەوایەکی باشتری هەیە، ئەگەری هەرەسی کەمە و بەهۆی ڕێکی زۆویەکەیەوە دەتوانێت زیاد لە 140 سەرباز لە خۆیگرێت.شەوی شەش لەسەر حەوتی نیسانی ساڵی 2012 هەرەسێکی بەفر لە دووری کیلۆمەترێکی بنکەکە دروست بوو، بەهۆی گەورەیی هەرەسەکەوە بنکەکە تەواو داپۆشرا. بەو هۆیەشەوە تەنیا سەربازێک کە لە خالێکی دوور ئەرکەکەی بەجێدەگەیاند لەگەڵ سەربازێکی دیکە کە بە ئۆتۆمبێل چووبوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی لەو ڕووداوەدا ڕزگاریان بوو. لەو ڕووداوەدا زیاد لە 140 سەرباز لە ژێر 20 مەتر بەفر و خۆڵ و بەردا گیانیان لەدەستدا.هەرەسەکە ناوچەیەکی بە ڕووبەری 2.1 کلم داپۆشی بە بنکەی گیاری-شەوە. ئەو سەربازەی لەو ڕووداوەدا ڕزگاری ببوو لە یەکەم لێدوانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە بینیوێتی هەردوو شاخەکە بەیەکیانداداوە.لە کاتی کارەکانی گەڕان و ڕزگارکردندا لە پاڵ سەدان سەرباز تیمی بیانیش بەشداریان کرد، تەنانەت سوپای هیندستانیش داوای کرد هاوکاری بکات.بەهۆی ئەوەی کارەکانی ڕزگارکردن بەبێ بەکارهێنانی ئامێرەکانی کارکردن بەڕێوە دەچوو، یەکەم تەرم دوای 21 ڕۆژ لە ڕووداوەکە دەرهێنرا .کارەکە تێکڕا مانگ و نیوێکی خایاند و 133 تەرم دەرهێنران، ئەوانی دیکە نەدۆزرانەوە. لەبەرئەوە سوپای پاکستان پێشبینی ئەوە دەکات کە هێشتا تەرمی حەوت سەرباز لەژێر بەفرەکەدا بێت.لە دەورووبەری بەستەڵەکی بالتۆرۆ لە ناوچەی سیاشین، لە کۆی بەرزترین 25 لووتکەی جیهان حەوت لووتکەیان لەوێیە. ئەو شاخەوانانەی لە سەرتاسەری جیهانەوە ڕوو لەو ناوچەیە دەکەن و دەیانەوێت بەسەر ئەو لووتکانەدا سەرکەون لە نزیک بنکە سەربازییەکان کەمپ دروست دەکەن.ئەو شاخەوانانەی دەخوازن بەسەر لووتکەی K2 سەرکەون کە دووەم گەورەترین لووتکەی جیهانە، لەگەڵ لووتکەکانی Broad Peak, Ga-Ma- وsherbrum sherburum، لە بنکەی سەربازیی پایو لە بەستەڵەکی بالتۆرۆ بەڕێدەکەون ، سەرەتا دەگەن بە کەمپی شاخەوانی لە نزیک بنکەی سەربازی کۆنکۆردیە.

لەوێ ئەو شاخەوانانەی دەیانەوێت بچن بۆ K2و Broad Peak جیادەبنەوە. ئەوانەشی دەیانەوێت بەسەر لووتکەکاندا سەرکەون بەرەو نزیکی کەمپی ئاڕاستەی پشکنینی نێودەوڵەتی (IHEC) دەچن لە نزیک بنکەکە.ئەو سێ بنکەیە لە پاڵ ئەوەی ئەرکیان ئاسایشی ناوچەکەیە، هاوکات ئەرکیان باهاناوەچوونی ئەو شاخەوان و کەسانەیە کە دووچاری ڕەوشی سەخت یان کێشەی تەندروستی دەبنەوە تا ڕزگاریان بکەن.

بە پێی ڕاپۆرتی 2017ی بەشی کەشناسی پاکستان، وەرزشە سروشتییەکان و جموجوڵە سەربازییەکان لە بەستەڵەکی بالتۆرۆ و جموجوڵە سەربازییەکان لە بەستەڵەکی سیاشین تووانەوەی بەفری زیادکردووە. لە ئەنجامی خێرایی توانەوەی بەفر لەماوەی 30 ساڵی ڕابردووەدا، هۆشداری دەدرێت لە ئاستی بەستەڵەکەکان. سەرۆکوەزیرانی پێشووی پاکستان، نەواز شەریف کە دەیویست لانی کەم جووڵە سەربازییەکان و هۆکارەکانی دیکە کەم بکاتەوە، لە ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەوازی ئاراستەی هیندستان کرد و، داوای کرد هەردوو وڵات سەربازانیان لە ناوچەی سیاشین بکشێننەوە،





www.xebat.net
ژمارە (5839) 2019/10/1 سێ شەممە

ئەفریقیا

کیشوەری کودەتا سەربازییەکان



ئامادەکردنی : هەندرین شێرزاد

ئەفریقیا ، ئەو کیشوەرەیە کە لەوەتەی لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە سەربەخۆیی وەرگرتوە ، وێڕای ئەوەی زۆربەی وڵاتانی بەدەستی چەندین کێشە و گرفتی وەک بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و هەژاریی و کەمی خۆراک و کەمیی ئاوی خواردنەوەوە دەناڵێنن ، هاوکات دەستاوەستکردنی دەسەڵات یەکێکە لە گرفتە گەورەکان، بە رادەیەک دەوترێ لەم کیشوەرەدا کە 58دەوڵەت دەگرێتە خۆی ، کەم وڵات هەیە چەندین کودەتای سەربازیی بەخۆیەوە نەدیتبێ ، ئەمەش بێگومان یەکێک بووە لە فاکتەرەکانی ناسەقامگیریی لەم کیشوەرە.

کودەتاکانی هەزارەی سێیەم ئەفریقیای ناوەڕاست

(15ی ئادارى 2003):
لەو کاتەی ئانج فیلیکس باتاسیێ سەرۆکی وڵات بە سەردان رووی کردبووە وڵاتی نەیجەر ، فرانسوا بوزیزی یاخیبوونێکی سەرتاسەری لە وڵات راگەیاند و فەرمانی بە هێزەکانی کرد کۆنترۆڵی فرۆکەخانەی وڵات بکەن ، دوای گەڕانەوەی ئانجیش ، ڕێگەی دابەزینی فرۆکەکەی لێ گیرا . دواتر دەستوورێکی نوێ دارێژرا و ڕاپرسی لەبارەوە ئەنجام درا . ساڵی 2005 هەڵبژاردن سازکرا و بوزیزی بوو بە سەرۆکی وڵات ، دواتر لە ساڵی 2013بەهۆی کودەتایەکی سەربازیی دیکە ئەویش لە دەسەڵات دوور خرایەوە .

مۆریتانیا

(3ی ئابی 2005):
دوای چەندین کێشەی سیاسی ، عەلی ولد محم فالی سەرکردەی سەربازیی لە کودەتایەکی سەربازی سپیدا توانی معاویە ولد سیدی ئەحمەد لە دەسەڵات دوور بخاتەوە . ئەنجامەدی کودەتا سەربازیەکە دەسەڵاتی وڵاتی گرتە دەست و بەڵێنیشی دا کە دەسەڵات ڕادەستی سەرۆکێکی هەڵبژێردراو بکەن هەڵبژێردراو بکات . ڕۆژی 19ی ئەپریلی 2007، دەسەڵات ڕادەستی محەمەد ولد شێخ عەبدوڵا کرا و عەلی ولد محم بڕیاری دا لە کاری سیاسی دوور بکەوێتەوە ، بەڵام دواتر لە ساڵی 2009جارێکی دیکە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندید کردەوە.

مۆریتانیا

(6ی ئابی 2008):
بە مەبەستی دووڕخستنەوەی سەرۆکی هەڵبژێردراو سیدی محەمەد ولد شێخ عەبدوڵا ،محەمەد ولد عەبدولعەزیزی ژەنەرالی سەربازیی و سەرۆکی ئەرکانی گاردی کۆماریی کودەتایەکی سەربازیی ئەنجام دا ، دواتر ژەنەرالی ناوبراو لەگەڵ سێ ئەفسەری دیکە ئەنجومەنی بااڵی دەوڵەتیان پێکهێنا و سەرۆک و وەزیری یەکەمی پێشووشیان بەند کرد و تۆمەتی گەندەڵی و بەکارهێنانی دەسەڵاتیان ئاراستە کرا . ڕۆژی 18ی یۆلیۆی 2009هەڵبژاردن ئەنجام درا و سەرۆکی کودەتاچی توانی زۆرینەی دەنگەکان وەدەست بێنێ .

غینیا

(24ی دیسەمبەری 2008):
دوای مردنی لانسانا کۆنتێی سەرۆکی وڵات ، ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ دیموکراسی و گەشەکردن بە سەرۆکایەتی موسا دادیس کامارا دەسەڵاتی وڵاتی گرتە دەست و ڕاشیگەیاند کە لە ماوەیەکی ئینتیقالیدا (دوو ساڵ) کاروباری وڵات بەڕێوە دەبات ، دواتر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێ ، لە ساڵی 2010هەڵبژاردن ئەنجام درا و دەسەڵات ڕادەستی ئەلفا کۆندێی هەڵبژێردراو کرا.

مەدەغەشقەر

(17ی ئاداری 2009):
ئەندرێ ڕاجۆلینای سەرۆکی بزووتنەوەی ئێڤۆزسیۆنی سیاسی وڵات هەوڵی دا کودەتایەکی سەربازیی ئەنجام بدات و سەرۆک مارک ڕافالومانانا لە دەسەڵات دوور بخاتەوە ، ڕۆژی 17ی ئادار سەرۆک دەسەڵاتەکانی ڕادەستی ئەنجومەنێکی سەربازیی کرد و ڕووی کردە باشووری ئەفریقیا . ڕۆژی 21ی ئادار ڕاجولینا ڕایگەیاند کە بۆ ماوەیەکی ئینتیقالی کاروباری وڵات دەگرێتە دەست ، ئەمەش لەسەر ئاستی وڵاتانی دەوروبەر و نێودەوڵەتی کاردانەوەی لێکەوتەوە ، بۆیە یەکێتی ئەفریقیا سەپەرشتی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکانی کرد و دواتر دەستوورێکی تازە بۆ وڵات ئامادە کرا و هەڵبژاردنێکی سەرۆکایەتیش ئەنجام درا .

نەیجەر

(18ی فێبرایەری 2010):
ژمارەیەک سەرباز هێرشیان کردە سەر کۆشکی سەرۆکایەتی لە نیامی پایتەخت و مامادۆ تاندجایان دەستگیر کرد ، بەمەش وڵات دووچاری تەنگژەیەکی توندی سیاسی بووەوە ، کودەتاچیەکان سەرەتا بە سەرۆکایەتی سالو دجیبو ،ئەنجومەنی باڵا بۆ گێڕانەوەی دیموکراسیان ڕاگەیاند . دواتر ڕۆژی 7ی ئەپریلی 2011 دەسەڵاتیان ڕادەستی سەرۆکی هەڵبژێردراو کرد .

غینیا بیساو

(12ی ئەپریلی 2012):
سوپای وڵات کارلۆس گۆمێزی سەرۆکوەزیرانی پێشووی وڵات و دەرچووی خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەستگیر کرد . هاوکات سوپا بارەگای سەرەکی پارتی دەسەڵاتدار و بارەگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیشی داگیر کرد، دواتر بەهۆی نیوەندگیریی چەند وڵاتێکی دیکە، سوپا دەسەڵاتی ڕادەستی سەرۆکی پەرلەمانی وڵات کرد و کارلۆس گۆمێزیشی ئازاد کرد.

مالی

(22ی مارسی 2012):
ژمارەیەک سەربازی وڵات یاخیبوونیان ڕاگەیاند و کۆشکی کۆماریان داگیر کرد و چوارەدەوری سەرۆک و خانەوادەکەشیان دا ، دواتر ژمارەیەک وەزیریان دەستبەسەر کرد . پێشتر ئەو کودەتاچیانە داوای چەکیان لە حکوومەت کردبوو بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەواریقەکان بەاڵم حکوومەت وەاڵمی نەدابوونەوە . لە ئەنجامدا دەیان هەزار کەس بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی هەڵڕژانە سەر شەقام و داوایان لە یاخیبوان کرد دەسەڵات ڕادەستی حکوومەتێکی هەڵبژێردراو بکەن ، دوای گوشارێکی زۆر ، کودەتاچیەکان لە دەسەڵات دوور کەوتنەوە .

ئەفریقیای ناوەڕاست

(24ی ئاداری 2013):
میشێل دجوتودیای سەرۆکی هاوپەیمانی یاخیبوانی سیلکا توانی شاری بانگی پایتەخت و دەسەڵات کۆنترۆڵ بکات و فرانسوا بوزیزی سەرۆکی پێشووش لەکار دوور بخاتەوە. ساڵی 2014 ناوبراو سوێندی یاسایی خوارد و بوو بە سەرۆکی نوێی وڵات .

زیمبابۆی

(14ی نۆڤەمبەری 2017):
سوپا کۆنترۆڵی دەسەڵاتی کرد و ڕێگەی جولەکردن لە ڕۆبەرت مۆگابی سەرۆک گیرا و کەنالی تەلەفزیۆنی فەرمی داگیرا کرا و سوپا بە هراری پایتەختدا بااڵوەی پێ کرا. ئەگەرچیش دواتر سوپا ڕایگەیاند ئەمە کودەتا نیە و مەبەست لە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە پاراستنی سەرۆکە لەو تاوانبارانەی دەوریان داوە، بەاڵم ئەمە لەسەر ئاستی شەقام پشتگیری لێ کرا و ڕاگەیەنرا ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی مۆگابی کە لە ساڵی 1980 وە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی کردووە.

پێشتر ئەو کودەتاچیانە داوای چەکیان لە حکوومەت کردبوو بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەواریقەکان بەاڵم حکوومەت وەاڵمی نەدابوونەوە.
لە ئەنجامدا دەیان هەزار کەس بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی هەڵڕژانە سەر شەقام و داوایان لە یاخیبوان کرد دەسەڵات ڕادەستی حکوومەتێکی هەڵبژێردراو بکەن



مانشێت



سکای نیوز:
بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە دەستگیرکردنی ژمارەیەک چالاکوان، زیاتر لە 20هەزار کەس خۆپیشاندانێکیان لە مۆسکۆ ئەنجام دا .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند کە ئەو لە پایەی خۆی دەمێنێ و وڵاتەکەشی لە 31ی تشرینی داهاتوو لە یەکێتی ئەوروپا دێتە دەر .



ئیلاف :
لە ڕۆژهەاڵتی چین ئاگر لە کارگەیەک کەوتەوە و بە هۆیەوە 19کەس گیانیان لەدەست دا .



ئەی ئێف پی:
لە خێوەتگایەکی پەنابەران لە دوورگەی لیسبۆسی یۆنان گرژی و ئاڵۆزی کەوتە نێوان پەنابەران و پۆلیس و دوو پەنابەر کوژران .



فرانس 24:
لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی نەمسا باڵی ڕاستڕەوی توندڕەو شکستی هێنا و سباستیان کۆرتزیش لە پێشەوەی کاندیدانی تردەیە .



کەنالی ئار تی:
ئەندامانی خانەوادەی جاک شیراکی سەرۆکی پێشووتری فەرەنسا ڕایانگەیاند کە ڕازی نین ماری لوپانی تونڕەو ئامادەی مەراسیمی بەخاکسپاردنی شیراک بێ .

کاریگەری کەمی ئاو لەسەر رووەک



ئاو کاریگەری گەورە و ڕۆڵی زۆری لەسەر ڕووەک هەیە، بۆیە کەمی ئاو کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕووەک دەبێت وەک کاریگەری لەسەر دابەشبوون و درێژبوونی خانەکان و گەشەی ڕووەک و بڕی بەرهەم.

بە شێوەیەکی گشتی کەمی ئاو دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لە درێژبوونی خانەکان کە ڕەنگدانەوەی لەسەر بچووکی قەبارە و ڕووبەری گەڵاکان دەبێت لە ئەنجامدا کرداری ڕۆشنەپێکهاتن چالاک نابێت کە هۆیەکە بۆ دەستبەربوونی خۆراک بۆ بەری ڕووەکەکە. ئەوەو کەمی ئاو کاریگەری لەسەر چوستی هاتوچۆکردنی ئاو لە نێو ڕووەکدا هەیە، ئاو لەم کردارەدا بە ئامرازێکی گواستنەوە و دابەشکردنی مادەی بنەڕەتییەکان دادەندرێت لە نێوان بەشەکانی ڕووەکدا، سەرەڕای ئەمە دەمیلەکان زۆر هەستیاران بۆ کەمی ئاو، هەر کە ئاو کەم بوو لە نێو ڕووەکدا بە شێوەیەکی کتوپر دەمیلەکان دادەخرێن لە ئەنجامدا ڕۆشنەپێکهاتن بە ڕادەیەکی کەمتر ڕووەدات بەهۆی کەم ئاوی و کەمی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن. ئاو تەنها سەرچاوەیە بۆ کارلێکی ڕوناکی کە تێدا ئاو دابەش دەبێت بۆ تەنها سەرچاوە بۆ دروستبوونی هایدرۆجین کە دەچێتە پێکهاتەی کاربۆهێدرات. لە هەمانکاتدا کەمی ئاو هۆکارە بۆ کەمی هەڵمژینی توخمە خۆراکییەکان بەهۆی کەمی جوواڵەی ئەو توخمانە لە خاکێکی کەم شێدا و توانای ڕەگەکان بۆ هەڵمژینیان کەم دەبێت. کەمی ئاو هۆکارە بۆ کەمی ئاستی ترشیی ناوەکی RNAو شیبوونەوەی پرۆتین، بە هەمان شێوە کەمی ئاو دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ترشیی ئەمینی بە تایبەت پرۆلین. شارەزایان دەڵێن کەمی ئاو ڕێژەی دروستبوونی کاربۆهێدرات کەم دەکاتەوە و لە گیراوەی ئاودا دەتوێتەوە و ڕێژەی ترشیی ئەبسیسیک لە گەڵاکاندا بەرز دەبێتەوە و گەڵاکان دەکەون کاتێک ئاو کەم دەبێت و قەبارە و کێشی بەرهەمەکە بچووک دەبێت.







بەڕێوەرایەتی گشتی کشتوکاڵی دهۆک بە هاوکاری ڕێکخراوی UNESCO بازاڕی هاوچەرخی هەفتانە بۆ ژمارەیەک لە جوتیارانی کۆمەڵگای باگێرە کردەوە. ڕۆژی هەینی لە گوندی باگێرای سەر بە قەزای زاوێتە بازارێک بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆیی ئەو دەڤەرە کرایەوە. لەو بازاڕدا 16 جوتیار کە زۆربەیان ئافرەتن بەشدار بوون، ئەو ڕێورەسمە لەڕۆژی هەینی 27-9-2019 بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان کرایەوە لەلایەن (لەزگین حاجی عەساف) بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی دهۆک و ئامادەبوونی نوێنەری ڕێکخراوی UNESCO . شوێنی بازاڕە هاوچەرخەکە لە کۆمەڵگای باگێرا دایە کە دەکەوێتە ڕێگای سەرەکی هەرێمەک لە قەزای ئامێدی و سەرسەنگ و کانی ماسی کە بە پارێزگای دهۆک دەبەستێتەوە، لەهەنکاتدا شوێنێکی زۆر نزیکە لە شاری دهۆک و قەزای زاوێتە کە کریارەکان دەتوانن بە ئاسانی پێیبگەن. لەم بازاڕەدا چەندین جۆری سەوزە و میوە و بەروبوومە شیرنەمەنییەکان وەک ماست و جۆرەها پەنیری کوردەواری و سەوزە و میوەی وشککراوە لە مالەکاندا نمایش دەکرێت و دەفرۆشرێت.

بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی گەنمی زیاتر

گەنم بە بەروبوومێکی ستراتیژی گرنگ دادەندرێت لە جیهاندا. لە کوردستان گەورەترین ڕووبەری چێندراو بە گەنم دادەچێندرێت و وەک سەرچاوەیەکی داهاتە بۆ ژمارەیەکی زۆری جوتیاران و گوندنشینان، بۆیە گرنگی دان بە خزمەتە کشتوکاڵییەکانی ئەو بەروبوومە بۆی هەیە ببێتە هۆکار بۆ زیادکردنی بەرهەم و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی جوتیاران، لێرەدا چەند ڕێنماییەکی زانستی دەخەینە ڕوو بۆ مسۆگەرکردنی بەرهەم و بەرزکردنەوەی بڕەکەی.

یەکەم: پابەندبوون و گرنگی دان بە کاتی چاندنی گەنم و زوو چاندن و دواکەوتن لە چاندن هۆکارە بۆ کەمی بەرهەم، باشترین کات بۆ چاندنی ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمە دوای بارانی پەڵە.

دووەم: ئامادەکردنی زەوی بە شێوەیەکی زۆر باش، بەروبومی گەنم پێویستی بە خاکێکی بەپیت هەیە کە ئاوی لێ نەوەستێت و گژوگیای نەبێت. دوو کێڵانی ستوونی لەسەر یەک بۆ زەوییەکە دەکرێت بۆ لێککردنەوەی پێکهاتەکانی خاک و مسۆگەرکردنی هەواگۆڕگێیەکی باش، کەرستەکەکانی خاک وردوخاش دەکرێت و زەوییەکە ڕێکدەخرێت و ڕاست دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دەنکە تۆوەکان بە باشی جەکەرە بکەن و پێویستی خۆیان لە تۆخمە خۆراکییەکان و ئۆکسجین وەربگرن. کێڵانی باش سەرجەم زیندەوەرە زیانبەخشەکانی نێو خاک دەخاتە بەر تیشکی خۆر بەوەش نزیکەی 50% هۆکارەکانی نەخۆشیی لەناو دەچن لە ئەنجامدا خەرجیی قەڵاچۆکردنیان کەم دەبێتەوە.

سێیەم: باشتر وایە ئامادەکردنی زەوی زوو بکرێت بۆ ئەوەی ماوەی باشمان لەبەر دەست دابێت تا کاتی چاندن.

چوارەم: پێویستە گرنگی بە هەڵێژاردنی تەرزە گونجاوەکان بدەین کە لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکاغان شیاون و تاقیکردنەوەی پێشوەختەمان لەسەریان هەیە.

پێنجەم: چاندنی تۆوی گەنمی باوڕپێکراو یان گەنمێک کە بەخۆمان بەرهەممان هێناوە لە ساڵی ڕابردوو و لە کارگەکانی خاوێنکردنەوەی گەنم خاوێنمان کردۆتەوە هۆکارە بۆ مسۆگەرکردنی بەرهەم و بەدەستهێنانی بەرهەمێکی باش کە تۆوەکانی هاوشێوەبن ڕێژەی شێنبوون و چەکەرەکردنیان بەرز بێت.

شەشەم: مامەڵەکردنی بنەتۆوەکە بە قرچەڕێکی مێرووکوژ ڕێگرە لە پاراستنی بەرهەمەکە لە نەخۆشیی کورک.

حەوتەم: قەڵاچۆکردنی گژوگیا یەکێ لە هۆکارەکانی زیادکردنی بەرهەم و کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمە ئەو بە چەند ڕێگایەک ئەنجام دەدرێت وەک وەستان تا بارانی پەڵە و شینبوونی گژوگیا پاشان کێڵانی زەوی یان زەوییەکە ڕەباس دەکرێت و ئاودانێکی باشی بۆ دەکرێت پاشان دەکێڵدرێت بۆ لەناوبردنی گژوگیا بە شێوەی میکانیکی یان بە بەکارهێنانی گژوگیا وەک قرچەڕەکانی بژاری گەڵای پان و گەڵای باریک بە گوێرەی ڕێنماییەکانی بەشی پاراستنی ڕووەکی.

ژەمێکی بەیانی تەندروست بۆ نەخۆشانی شەکرە



مرۆڤ توشیی نەخۆشیی شەکرە لە جۆری دووەم دێت بەهۆی ئەوەی جەستە کاردانەوەی بە شێوەیەکی ڕێکی نابێت بۆ ئەنسۆلین کە ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی گلوکۆز لە خوێندا، ئەگەری هەیە ئەو بارودۆخە کاردانەوەی مەترسیدار بەدوای خۆیدا بهێنێت وەک لەکار کەوتنی گورچیلەکان و تێکچوونی دەمارەکان و سەکتەی دڵ و جەڵتەی میشک، بۆی هەیە پەیڕەوکردنی بەردەوامی سیستەمێکی خۆراکی لاواز هۆکار بێت بۆ پەرەسەندنی نەخۆشیی شەکرە لە جۆری دووەم، بۆیە ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانکاری گرنگە.

وەک بنەمایەکی سەرەکی پێویستە کۆمەڵەیەکی فراوان لە خۆراک بخورێت وەک میوە و سەوزە بە هەموو جۆرەکانیەوە و هەندێک خۆراکی نیشاستەیی وەک سپاکیتی شانبەشانی کەمکردنەوەی بە کارهێنانی شەکر و خوێ تا ڕادەیەکی باش، لە هەمانکاتدا پێویستە ڕۆژانە ژەمەکانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێواران بخورێت و هیچ ژەمێک پشتگوێ نەخرێت.

سەبارەت بە ژەمی یەکەمی ڕۆژ واتا ژەمی بەیانیان هەندێک خۆراک هەیە کە بە باشترین دادەندرێن بۆ نەخۆشەکانی شەکرە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا تاقیکراوەتەوە، یەک لەوانە ئەڤۆگادۆیە کە خۆراکێکی بەڕبڵاوە بۆ ژەمی بەیانیان و سەلێنراوە کە بەسوودە بۆ ڕاگرتنی ئاستی شەکرە لە نێو خوێندا.

ئەو میوەیە کاربۆهێدراتی کەمە بۆیە کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی شەکرە کەمە.

لەتێک لە ئەڤۆگادۆ لەگەڵ خۆراکی بەیانیان دەخورێت. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە گۆڤاری خۆراک بلاوکراوەتەوە کە گۆڤارێکی تایبەتە بە خۆراکی کەسانی خاوەن تەندروسی باش و جگە لەوانەی کە کێشیان زیادە. توێژەران بینیان ئەڤۆگادۆ کاریگەری گەورەی لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی شەکرە نییە. سەرەڕای ئەوەی ئەڤۆگادۆ بڕێکی کەم لە کاربۆهێدراتی تێدایە لە هەمانکاتدا دەڵەمەندە بە ڕیشاڵ بۆیە بەسوودە بۆ ڕاگرتنی ئاستی شەکرە.

بەرزبوونەوەی کێش زۆر مەترسییدارە بۆ ئەوانەی توشیی نەخۆشیی شەکرە لە جۆری دووەم هاتوون، بەڵام ئەڤۆگادۆ یارمەتی دابەزاندنی کێش دەدات جگە لە باشکردنی هەستەوەری جەستە بۆ ئەنسۆلین و ئەو چەوربیە تەندروستەی تێدایە هەستکردن بە تێری بە مرۆڤ دەبەخشێت بۆ ماوەیەکی درێژتر. شایانی ئاماژەیە خواردنی (تووە) لەگەڵ ژەمی بیانیاندا ئەگەری هەیە ئاستیی شەکرە دابەزێنێت.

چەند سوودێکی چەوەندەر بزانە



چەوەندەری سوور یان سلقە سوورە چەندین سوودی تەندروستیی بە مرۆڤ دەبەخشێت، ئەگەر وەک شەربەت بخوریتەوە یان لەت لەت بکرێ و بخورێت سوودی باشی بۆ باشکردنی پرۆسەی هەرس و باشکردنی تەندروستی دڵ دەبێت.

چەوەندر سەوزەیەکی گۆیبە شێوەی لە تووز دەچێت و بە چینێکی زبر دەور دراوە بۆ پاراستنی ڕەگەکەی جگە لە لاچک و کەڵای درێژی سەوز.

گرنگی چەوەندر لە پێکهاتەکەیەتی کە چەندین قیتامین و کانزای تێدایە وەک مس و مانگەنیز و پۆتاس، لە هەمانکاتدا دەوڵەمەندە بە قیتامین C کە بە دۆزە ئۆکسایین دادەندرێت و ڕۆڵی هەیە لە باشکردنی سیستەمی بەرگری.

مالپەڕی (ناچڕاڵ نیوز) تایبەت بە بابەتەکانی تەندروستی و پزیشکی باس لە چەند سوودێکی چەوەندەر دەکات:

یەکەم: باشکردنی توانای ئەنجامدانی ئەرکە وەرزشییەکان، وەرزشوانان گیراوەی چەوەندر دەخۆنەوە بۆ باشترکردنی توانایان لە کاتی وەرزشدا، ئەو گیراوەیە هۆکارە بۆ ئەوەی بڕێکی زیاتر ئۆکسجین بگاتە جەستە بەوەش ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر دڵ و سییەکان کەمدەبێتەوە لە کاتی چالاکییە وەرزشییەکاندا.

دووەم: دۆزە هەوکردن، هەوکردن پەیوەستی بە چەند باریکی تەندروستیی دیاریکراو وەک شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ و قەڵەوی هەیە. چەوەندەر هاوکارە بۆ کەمکردنەوەی هەوکردن لە ڕێگای ڕاگرتنی ئاماژەکانی دەرکەوتنو لە جەستەدا بۆ توشبوون بە هەوکردن.

سێیەم باشکردنی کرداری هەرسکردن، چەوەندەر دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵەکان بۆیە بەسوودە بۆ ڕیخۆڵەکان، پێکهاتەی ڕیشاڵەکانی لە نێو گەدە و ڕیخۆڵە باریکە هەرس نابێت بۆیە دەگوازرێتەوە بۆ قۆڵۆن و ئەو بەکتریایەی لەو بەشەی جەستەدا هەیە هەرسی دەکات و وەک خۆراکێک بەکاری دەهێنێت.

چوارەم: پاراستنی دروستی میشک، ئەو بڕە نەتراتەی لە چەوەندەر دا هەیە فرمانەکانی میشک لە ڕێگای گەیشتنی بڕێکی زیاتر ئۆکسجین باشتر دەکات.

پێنجەم: باشکردنی تەندروستیی دڵ، ئەو چەوەندەرانەی وەک چەوەندەر و گێزەر و سپێناخ دەوڵەمەندن بە ئاوێتەیەک کە پێی دەوترێ نەترات، ئەو نەتەراتە دەگۆڕدرێت بۆ ئۆکسیدی نەتریک لە نێو جەستەدا، ئۆکسیدی نەتریک هاوکارە بۆ کردنەوەی بۆڕییەکانی خوێن بەوەش پەستانی خوێن کەم دەکاتەوە و چەند جارەی لێدانی دڵ ڕێکدەخات.

شەشەم: دۆزە شێرپەنجە، بەهۆی تایبەتمەندی چەوەندەر وەک دۆزە ئۆکسایین دەکرێت ڕۆڵی هەبێت لە پاراستنی جەستە لە نەخۆشیی شێرپەنجە و ڕێگابگرتن لە سەرهەڵدانی خانە زیان بەخشەکان، پێشبینی دەکرێت کە مادەی (بیتانین) کە لە پێکهاتەی چەوەندەر دا هەیە تایبەتمەندی دۆزە شێرپەنجەی هەبێت.

حەوتەم: بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری، چەوەندەر دەوڵەمەندە بە قیتامین و کانزاکان کە سیستەمی بەرگری بەهێز دەکەن. ئەو ماددانەی لە چەوەندەر دا هەیە بەسوودن و بریتین لە مس و زنک و قیتامینەکانی C,A.

ئەوەی پێویستە بیزانیت دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەو ڤایرۆسەیە کە بووەتە هۆی نەخۆشیی سارس و ئێستا بووەتە هۆی نەخۆشیی کۆڤید-19 کە لە چین دەستی پێکرد و ئێستا بڵاوبۆتەوە بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان.

ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێگەی گواستنەوەی لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ بە هەناسەدان و ڕشانەوەی دڵۆپەکانی لوعابی نەخۆشەکە دەبێت کە لە کاتی کۆکەکۆک و ڕشانەوەی نەخۆشەکە دێتە دەرەوە.

ڕێگەی گرتن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بریتییە لە:

- دوورکەوتنەوە لە نەخۆشەکە و ئەو کەسانەی کە نیشانەکانی نەخۆشییەکەیان تێدایە.
- دەستەکان بە ئاو و سابوون بە باشی بشۆ.
- دەست بە چاو و لووت و دەم نەگرە.
- ئەگەر کۆکەکۆک و ڕشانەوەت هەبوو دەستەسڕێک بەکار بهێنە و دەستەکانت بشۆ.
- ئەگەر نەخۆش بوویت بە ئۆتۆمبێل بڕۆ بۆ نەخۆشخانە.
- ئەگەر نەخۆش بوویت لە ماڵەوە بمێنەوە.
- ئەگەر نەخۆش بوویت ماسک بەکار بهێنە.
- ئەگەر نەخۆش بوویت بە دەستەکانت دەست بە چاو و لووت و دەمتەوە مەگرە.
- ئەگەر نەخۆش بوویت دەستەکانت بشۆ.
- ئەگەر نەخۆش بوویت دەستەسڕێک بەکار بهێنە.
- ئەگەر نەخۆش بوویت بە دەستەکانت دەست بە چاو و لووت و دەمتەوە مەگرە.



کانی کاوە یاریزانی تۆپی دەستی یانەی کۆیە:
ئاستی تۆپی دەستی کچان لە کۆیە بەتایبەتی و لە کوردستان بەگشتی بە شێوەیەکی باش نابینم

دیمانە: کارزان کانەبی

قەزای کۆیە بەردەوام لە یاریە جۆراوجۆرەکانی کچان لە لە گۆڕەپانە وەرزشییەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق جێگای دەستیان دیار بووە، تیپی تۆپی دەستی یانەکەش یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە کە یانەکانی کوردستان چاویان لەوانە بۆ ئەوەی پەلکێشی ریزی یانەکانیان بکەن، یەکێک لەو کچە یاریزانەش کانی کاوە-یە کە بەردەوام هەوڵی داوە گرنگی بەتواناکانی خۆی بدات بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بەکاروانی وەرزشی خۆی بدات.

کانی لەدایکبووی سالی 1993ی قەزای کۆیە و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی کۆیە تەنیا لە یانەی کۆیە یاری کردوە، ناوبراو جگە لە یاری تۆپی دەست راهێنەری لەشجوانی ئافرەتانیشە لە هۆڵە وەرزشییەکان، خەبات لە نزیکەوە بەسەری کردەوە و چەند پرسیارێکی لێکرد، لە بارەی هاتنی بۆ نێو جیهانی وەرزشی کانی بۆ خەبات گوتی: هەر لە منداڵیەوە حەزی وەرزشم هەبوو لە قۆناخی سەرەتایی و ناوەندی بەشداری هەموو چالاکییە وەرزشیەکانی قوتابخانەکەم کردوە، لە بەر ئەوەش بوو لە دوای دەرچوونم لە پۆلی سێ ناوەندی رووم لە پەیمانگای وەرزش کرد ئیستاش قوتابی زانکۆم، حەزم بۆ تۆپی دەست زیاتر بوو لە سالی 2012تاکو ئێستا یاری تۆپی دەستم لە هەموو یارییەکانی تر پێ خۆشترە. لەبارەی ئاستی تۆپی دەستیش لە قەزای کۆیە کانی گوتیشی: لە ئاستێکی زۆر لاوازە بەهیوام دووبارە پەرە بدرێتەوە بە تۆپی دەست لە شارەکەم بە تایبەتی تۆپی دەستی کچان، بە گشتی لە ئاستی کوردستان بە شێوەیەکی باشی نابینم، بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی و پەرەی پێ بدرێت خول و پاڵەوانیەتی زیاتر بکرێتەوە بۆ یانەکان لە شارەکانی کوردستان.

لەبارەی ئەنجامدانی دوو وەرزشیش ناوبراو گوتی "هیچ شتێک بێ هەوڵ و ماندوو بوون نابێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە کۆڵ نەدەی تاکو دەگەی بەوەی مەبەستتە من ساڵێکە دەستم کردووە بە راهێنەرایەتی لە فیتنس ئێستا خاوەن پەیجێکی پوپلیکم لە تۆری کۆمەڵایەتی ئەنستگرام تایبەتە بە خواردنی تەندروست و رێنمایی کێش دابەزین و سەرخستن، بۆ سەرخستنی وەرزشی تۆپی دەستیش پێویستی بە دابینکردنی بودجە ئینجا زیادکردنی خول و پاڵەوانیەتی، چونکە بە گشتی دواکەوتنی وەرزش و یانەکان دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی بودجە، وەکو کچە یاریزانیش خەونی من ئەوەیە بگەم بەو پلە و ئاستەی کە خۆم دەمەوێت خزمەتی وەرزش بکەم لە شارەکەم.

هەروەها وەکو قوتابیەکی زانکۆیش کە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی گوتی: من زۆرترین کاتم بۆ وەرزشە، ئەو رۆژانەی ناتوانم بچم بۆ وەرزش هەوڵدەدەم لە ماڵەوە مەشق بکەم، توانیومە هەندێک پێداویستییەکان لە ماڵەوە دابین بکەم، لە کۆتاییشدا گوتی: هیوادارم بەرپرسانی وەرزشی لە کوردستان زیاترگرنگی بە یارییەکانی وەرزشی بدەن بۆ ئەوەی ئاستی تەواوی یارییەکانی بەرز بێتەوە، زۆر سوپاسی رۆژنامەی خەباتیش دەکەم بۆ بە سەرکردنەوەی یاریزانان.

نایمار بۆ بەرشلۆنە: بەرامبەر بەرێککەوتنێکی دەستنووسی ئامادەم واز لە سکاڵاکەم بهێنم



نایمار داسیلڤای هیرشبەری یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی داوای لە یانەی بەرشلۆنە کرد کە لەنێوان ئەواندا رێککەوتنێکی دەستنووسی هەبێت و بۆ ئەمەش ئامادەیە دەستبەرداری ئەو سکاڵایە بێت کە دژی یانەی بەرشلۆنە بەرزی کردبۆوە، هەروەها ئاماژەشی بۆ ئەوەکردبوو کە دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا زیاد لەپێویست گەوریان کردبوو.

رادیۆی کادینای ئیسپانی بڵاویکردەوە کە ئەستێرەی بەرازیلی داوای لە بەرشلۆنە کردووە رێککەوتنێکی دەستنووسی لەنێوانیاندا ئەنجام بدرێت و لەهەمان کاتیش داوای بڕێک پارەی کردووە، لەبەرامبەر ئەمەشدا نایمار ئەو سکاڵایە دەکشێنێتەوە کە کاتی خۆی لەسەر بەرشلۆنەدا تۆماری کردبوو.

پێویستە ئۆساکا کرێم لەدەموو چاوی بدات تا سپی بێت!



هەردوو خانمە هونەرمەندی ژاپۆنی و ئەو کۆمپانیایەی کە بەڕێوەی دەبەن، داوای لێبووردنیان لە نعۆمی ئۆساکای خانمە تێنسزانی ژاپۆنی کرد لەبەرامبەر ئەوەی رایانگەیاندبوو کە ئەو تێنسزانە پێویستی بە کرێم هەیە بۆ ئەوەی دەموچاوی زیاتر بکاتەوە و سپی بێت.

ئەو رۆژەی ئۆساکا یەکەمین نازناوی پاش بردنەوەی پاڵەوانێتی ئوسترالیا بەدەستهێنا، ئەو دوو هونەرمەندە وەک سوکایەتی و ڕەگەزپەرستییەک رایانگەیاندبوو کە ئۆساکا دەموو چاوێکی ڕەشی هەیە و پێویستە لەمەودوا کرێم بەکاربهینی و دەموچاوی پێ بکاتەوە، کە ئەمەش نارەزایی زۆری لێکەوتەوە و ناچار ئەوانە داوای لێبووردنیان کرد.

ساردکەرەوەی هەر یاریگایەکی مۆندیالی قەتەر بڕی 280 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت



لە کۆتایی مانگی ستێپتەمبەر پلەکانی گەرما لە قەتەر دەگاتە 35پلە کە بڕیارە میوانداری یارییەکانی جامی جیهانی 2022بکات، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بەنیازن ئەو پلەیەی گەرما لەناو یاریگا بهێننە خوارەوە بۆ 21پلەی سەدی.

قەتەر ریادەگەیەنێت کە دەزگایەکی ئامادەکردووە و بە ئاسانی لەناو یاریگاکان بەکاردەهێنرێت، تەنانەت لە هاوینێکی یەکجار گەرمدا کە پلەی گەرما لە 40 پلەی سەدی تێپەر بکات، بەپێی ئەو زانیاریانەی بڵاویش بوونەتەوە کە ساردکەرەوەی هەر کورسییەک بڕی حەفت هەزار دۆلاری تێدەچێت، واتە خەرجی ساردکەرەوەی هەر یاریگایەک بەنێوان 240تا 280ملیۆن دۆلار دەبێت.

چاڤی: گەر ببمە راهێنەری بەرشلۆنە ستێرلینگ بانگهێشت دەکەم



رۆژنامەکانی ئینگلیزی بایەخیکی زۆریان بە لێدوانەکەی چاڤی هیرناندیزی یاریزانی پێشووی یانەی بەرشلۆنە و راهێنەری ئێستای یانەی سەددی قەتەری دا کاتێک باسی لە رەحیم سترلینگی بالی یانەی مانچستەر سیتی کرد.

چاڤی لەهەوڵی ئەوەدایە لەداهتوودا ببێتە راهینەری یانەی بەرشلۆنە پێی وایە ئەگەر ئەمە بووە راستی ئەوا رەحیم سترلینگ دەباتە ریزەکانی ئەو یانەیە، کە پێی وایە سترلینگ یاریزانێکی نموونەییە و زۆر بەشیوازی یاریکردنی سەرسامە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 1. Oct. 2019 No: (5839)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پەیکەرەکانی شۆڕش ئەمین لە نیویۆرک نمایش دەکرێت






خەبات : هەمزە سەرحان

بۆ یەکەمین جارە پەیکەرەکانی شۆڕش ئەمینی پەیکەرساز لە هۆڵی گەلەری مانهاتان لە نیویۆرک بۆ ماوەی مانگێک نمایش دەکرێت.

شۆڕش ئەمین ڕایگەیاند، ئەم بانگهێشتە وەکو هونەرمەندێکی سویدی و کوردییە بۆ نیویۆرک لە مانهاتان، کە لەلایەن گەلەری 124 gallrey NYA New-yorkartfair? بۆ ماوەی مانگێک پەیکەرە بڕۆنزییەکانی بۆ خەڵکی ئەو شارە نمایشدەکرێت.هەروەک ئاشکرایکردووە، بڕیاریداوە نزیکەی 10پەیکەری بڕۆنزیی خۆی بۆ ئەو گەلەرییە بنێرێت کە زۆربەیان نوێن و پێشتر نیشان نەدراون، وتیشی، "بەهۆی گرانی ناردنی و پارێزگاریکردنی نەمتوانیوە پەیکەری زیاتر بنێرم."ئاماژەی بەوەش کرد، "هیواداره کۆمەک و هاوکاری لە هەموو کوردێکی دڵسۆزەوە بکرێت، تاکو بتوانێت پەیامە هونەرییەکانی بە پەیکەرەکانی بە دونیا بگەیەنێت، میللەتی کوردیش بە دونیا بناسێنێت.

شۆڕش ئەمین لە ساڵی 1965لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی 1987بڕوانامەی دبلۆمی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەدەستهێناوە، چوارەتە دەرەوەی وڵات و لە ساڵی 1991ەوە لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ستۆکهۆڵم لە بواری پەیکەرسازیدا بەدەستهێناوە، چەندین مۆڵەتی لە وڵاتی سوید وەرگرتووە، "زەڕەنگەری و دیزاین و مایل برۆنز"، یەکەم کاری هونەری لە ساڵی 1986بووە ئەویش پەیکەری فلکەی ئاسکەکان بووە، زۆربەی کارەکانی فرۆشێکی زۆری هەبووە، گرانترین پەیکەری بە 140هەزار دۆلار فرۆشراوە، لە نوێترین کاری پەیکەری "ڕەشەبا و گۆڕان"ە، کە لە شاری سلێمانی دنراوە.



چوارەمین فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سلێمانی بەڕێوە دەچێت

خەبات:

شەهێن سابیر بەرپرسی ڕاگەیاندنی فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سلێمانی- لە کوردستان ڕاگەیاند: "چوارەمین فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سلێمانی بەبەشداری 135فیلم لە78 وڵاتی جیهانەوە بەڕێوەدەچێت لەو ژمارەیەش 35فیلمیان کوردین، نوێنەر یاخود دەرهێنەرو پرۆدیوسەری سەرجەم فیلمە بیانییەکانیش ئامادەییان دەبێت".وتیشی: "جگە لە نمایشکردنی فیلمەکان، دوو پانێڵی گرنگ بەڕێوەدەچێت، یەکەمیان ڕۆژی 2ی ئۆکتۆبەر لەژێر ناونیشانی شێرپەنجەی زەوی و بەئامادەبوونی ژمارەیەک پسپۆڕانی ژینگەیی و پارێزگاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت، پانێڵی دووەمیش ڕۆژی 4ی ئۆکتۆبەر کە پانێڵی دەزگاکانی فیلمە لەجیهان بەبەشداری کەسانی پسپۆڕ بەڕێوەدەچێت".شەهێن سابیر ئەوەشی ڕاگەیاند، "بەشێک لەو فیلمانەی لەفێستیڤاڵەکەدا بەشدارن دەچنە کێبڕکێ، لەوانەش ((11فیلمی دیکۆمێنتاری نێودەوڵەتی، 7فیلمی دیکۆمێنتاری کوردی، لەبەشی بەهەرەی نوێ 12فیلم، 10فیلمی درێژ، 22کورتەفیلمی نێودەوڵەتی، 15کورتە فیلمی کوردی، شەش فیلمی ئەنیمەیشنی کورت)) لەکێبڕکێدا دەبن".فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی ڕۆژی سێشەمە 1ی 10ی 2019 بەمەراسیمی فەرشی سوور بەئامادەیی گروپی میوزیک دەستپێدەکات و هەروەها لەدەستپێکیشدا فیلمی (خوشکانی جەنگ) نمایشدەکرێت و بۆ ماوەی هەفتەیەک بەردەوام دەبێت و ڕۆژی 7ی ئۆکتۆبەر خەڵات و دیاریەکان دابەشدەکرێن.

ڕێناس وریا نوێترین بەرهەمی بەناوی (تۆ) بڵاوەکاتەوە



وریشە عومەر

خانمە هونەرمەندی کورد ڕێناس وریا لەبارەی بەرهەمە نوێیەکەی بەناوی (تۆ) لەئێستەگرامی خۆی بڵاوی کردەوە: گۆرانی (تۆ) نوێترین بەرهەمی منە و هەر خۆشم ئاوازی گۆرانییەکەم داناوە. دەشڵێت: تێکستەکەی لەلایەن ئاراس گەبەیی- ەوە نووسراوە و سەرجەم کارە هونەرییەکانیشی لە ژێنۆ گرووپ ئەنجام دراوە.

ڕیناس زیاتر دەڵێت: ئای کیو ئۆنلاین سپۆنسەری کلیپەکەی کردووە و ئارام سەردار سەرپەرشتی سەرجەم کارەکانی بەرهەمەکەی کردووە.هیوادارم بەرهەمی (تۆ) بەدڵی هەواداراتم بێت.

باکووری کوردستان... دۆزینەوەی پەپوولەیەکی دەگمەن لە چیاکانی ئاگری



دوای تێپەڕبوونی نیو سەدە لەسەر دوایین دەرکەوتنی پەپوولەی نازوگۆمی باکوور کە پێشبینی دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ دوایین چاخی بەستەڵەک، جارێکی دیکە لە چیاکانی ئاگری لە باکووری کوردستان دەردەکەوێتەوە.

ئەو پەپوولەیەی دۆزراوەتەوە و بە لاتینی پێی دەگوترێت **Euphydryas iduna** هێڵی پان لەسەر لێوارى باڵەکانی هەیە.دوای دیارنەمانی بۆ ماوەی نیو سەدە دیسانەوە پەپوولەیەک دەدۆزرێتەوە کە بەرلە **12** هەزار ساڵ دەرکەوتووە، هێڵی سپی و پرتەقاڵیی یەکتربڕ لەگەڵ هێڵی ڕەش هەردوو باڵی پەپوولەکە دەنەخشێنن کە ئەمەش دیمەنێکی ناوازەی پێ دەبەخشێت.ئەم جۆرە پەپوولەیە لە وڵاتانی سکاندیناڤیا بلاوە، بەڵام پێشبینییەکان وایە کە تەنها لە بەرزاییەکانی چیای ئاگری دەژیت و لەوێ لە سەردەمی دوایین چاخی بەستەڵەکەوە بەردەوامی بە ژیانی دەدات. زاناکان لە چواری ئابی ساڵی ١٩٧٠ بوونی ئەم پەپوولەیان لە چیاکانی ئاگری سەلماندووە کە لە بەرزیی زیاتر لە چوار هەزار مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوەیە و لەوێ کاتەوە ئیدی دیار نەماوە.